

*Lark Journal of Philosophy, Linguistics, and Social Sciences*

E-ISSN 2663-5836
P-ISSN 1999-5601
*Original Research*

Journal homepage: https://lark.uowasit.edu.iq

Vol. 18 No. 1 January 2026, pp-.1326-1351

https://doi.org/10.31185/lark.4839

# Economic Dimensions and Their Nexus with Conspicuous Consumption within the Household: A Field Study in Erbil City

**Kameran Jewher Abdullah[1], Jwan Ismail Bakir Khushnaw[2]**

**1.Department of Sociology/ college of Arts -Salahaddin University- Erbil-Kurdistan Region/Iraq**

**2.Department of Sociology/ college of Arts -Salahaddin University- Erbil-Kurdistan Region/Iraq**

kameran.abdullah@su.edu.krd

Received Aug 20, 2025 Revised Aug 26, 2025 Accepted **Dec** 6.2025 Online Jan. 1, 2026

## ABSTRACT

The research focuses on the main objective: the economic dimensions shape the patterns of conspicuous consumption among families in Erbil. Conspicuous consumption is treated as a socio-symbolic practice through which expensive goods and premium services are deployed to signal prestige and secure social recognition, rather than merely to satisfy functional needs. Using a descriptive–analytical design, the study surveyed a convenience sample of 384 households in the city. Data was collected through field questionnaires, and descriptive and analytical methods were used in data processing. The analysis reveals statistically significant associations between financial capacity, educational attainment, and occupational position and status-oriented spending. It also uncovers interactions between economic resources and cultural capital, indicating that local taste regimes and identity concerns mediate how families convert resources into visible consumption across neighborhoods. The research recommends targeted awareness programs that promote needs-based budgeting and responsible spending, alongside municipal measures attentive to neighborhood-level disparities in income and service provision. Such policies can help curb status competition, reduce inefficient expenditures, and support more equitable and rational household consumption patterns.

**Keywords**: Economic dimension, Conspicuous consumption, Family

# الأبعاد الاقتصادية وعلاقتها بالأستهلاك المظهري داخل الأسرة(بحث ميداني في مدينه أربيل)

**الباحث كامران جوهر عبدالله[1]، جوان اسماعيل بكر خوشناو[2]**

**قسم علم الاجتماع/كلية الآداب-جامعة صلاح الدين-اربيل-اقليم كوردستان/العراق**

**قسم علم الاجتماع/كلية الآداب-جامعة صلاح الدين-اربيل-اقليم كوردستان/العراق**

*kameran.abdullah@su.edu.krd*

**الملخص**

يعتمد البحث على الهدف الرئيسي: تسهم الأبعاد الاقتصادية في تشكيل أنماط الاستهلاك المظهري لدى الأسر في مدينة أربيل، حيث يُنظر إلى الاستهلاك المظهري هنا بوصفه ممارسة اجتماعية–رمزية تتجاوز الاستجابة المباشرة للحاجات، إذ تُوظَّف السلع والخدمات الباهظة لإظهار المكانة وتعزيز الاعتراف الاجتماعي. اعتمد البحث المنهج الوصفي–التحليلي، واستند إلى عيّنة ميدانية عَرَضية قوامها (384) أسرة من مركز المدينة. جمعت البيانات من خلال استبيانات ميدانية، واستخدمت أساليب التحليل الوصفي والتحليلي في معالجة البيانات.كشفت النتائج عن ارتباطات دالّة تربط بين القدرة المالية والتحصيل التعليمي والموقع المهني من جهة، وبين السلوك المظهري من جهة أخرى؛ كما أظهرت تفاعلات بين المحددات الاقتصادية ورأس المال الثقافي، بحيث تُعاد صياغة التفضيلات الاستهلاكية وفق مقتضيات الذوق المحلي وتمثّلات الهوية داخل الأحياء. يخلص البحث إلى ضرورة تبنّي برامج توعوية لترشيد الإنفاق وربطه بالاحتياجات الفعلية، وإلى أهمية مراعاة التفاوت الاقتصادي والخدمي بين الأحياء عند تصميم السياسات المحلية الهادفة إلى الحدّ من النزعات الاستعراضية وتعزيز أنماط استهلاك أكثر عقلانية وعدالة

**الكلمات المفتاحية:** البعد الاقتصادي، الاستهلاك المظهري، الأسرة.

This work is licensed under a Creative Commons Attribution License (https://creativecommons.org/licenses/by/4.0/) that allows others to share and adapt the material for any purpose (even commercially), in any medium with an acknowledgement of the work's authorship and initial publication in this journal.

**پێشەکی**

سەرهەڵدانی بەکاربردنی ڕواڵەتی بە قووڵی پەیوەستە بەو بەها کۆمەڵایەتیانەی کە لە ژێر کاریگەری بەهای سەرمایەداری ڕۆژئاواییدان. ئەم بەهایانەی کە جەخت لەسەر تاکگەرایی و ئازادی و کێبڕکێ دەکەنەوە، هەروەها خواستی دەربڕینی ناسنامە و پێگە لە ڕێگەی بەکاربردنەوە پەروەردە دەکەن. لەگەڵ گرنگیدان بە داهات و موڵک و ماڵی کەسی، خێزانەکان دەستیان کرد بە بەستنەوەی بەهای خۆیان بە شتە مادییەکانەوە. بڵاوبوونەوەی کولتووری بەکاربەری ڕواڵەتی ئارەزووەکانی بۆ خواستی ئابووری گۆڕی، هەروەها هانی خەڵکی بۆ بەکاربردندا بۆمەبەستی دەرکەوتن نەک پێویستی. لە کۆمەڵگە شارییەکاندا ئەم ڕەفتارە بوو بە ڕێگایەک بۆ ئاماژەدان بە سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی. بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان، کرانەوە بەڕووی بازاڕە جیهانییەکان ئەو ئاڕاستانەی فراوانتر کرد. خێزانەکان زیاتر کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەکاردەبەن بۆ نیشاندانی دەوڵەمەندی و خۆنمایشکردن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بازرگانەکان دەرفەتەکان فراوانتر بکەن بۆ دابینکردنی ئەو جۆرە داواکارییە ئابوورییانەی، کە ڕێگە خۆشدەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزانەکاندا. لە کۆتاییدا؛ بەکاربردنی ڕواڵەتی گەشەی ئابووری تێکەڵ بە ناسنامەی کۆمەڵایەتی دەکات.

- **ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکان**
  - **ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:-**
    - **گرفتی توێژینەوەکە**

گرفتی توێژینەوە ئاماژەیە بۆ دەستنیشانکردنی سەختییەک، بۆشاییەک، یان دۆخێکی ناڕوون کە توێژەر هەوڵدەدات لێی بتوێژێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، توێژەر ئامانجی ئەوەیە لە کاریگەرییە ئابوورییەکانی (بەکاربردنی ڕواڵەتی) تێبگات، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە ئابوورییە خێراکانی سەردەمی مۆدێرن. دیاردەی بەکاربردنی ڕواڵەتی ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی ئابووریدایە. هەرێمی کوردستانی عێراق لەم ساڵانەی دواییدا لەڕووی ئابوورییەوە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش وایکردووە پرسی بەکاربردنی ڕواڵەتی زیاتر دەربکەوێت، بەتایبەتی لەناو خێزانەکاندا، دەرئەنجامەکانی زیادەڕۆیی یان ناپێویستی لە پێناو ڕواڵەتدا دەرکەوتووە. ئەو توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر (بەکاربردنی ڕواڵەتی) وەک جۆرێک لە خۆنمایشکردن، جیاواز لە بەکاربردنی ئاسایی. سەرەڕای دەوڵەمەندی ئەدەبیاتەکانی پێشوو لەسەر ڕەفتاری بەکاربەری بەگشتی و بەکاربردنی ڕواڵەتی بەتایبەتی، کەلێنێک لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارلێککردنی نێوان ڕەهەندە ئابوورییەکان و بڕیارەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی لە ناو یەکەی خێزاندا پڕدەکاتەوە. هەروەها ڕوونی دەکەینەوە کە تاچەند گۆڕاوەکانی وەك (داهاتی خێزان، جۆری پیشە، بەبازاڕکردن، جۆرایەتی کاڵا) کە ڕەهەندی ئابوورییان هەیە، پەیوەندییان بە بەکاربردنی ڕواڵەتییەوە هەیە، بە پشتبەستن بەو دید و تێڕوانینانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، گرفتی سەرەکی کە ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە:

- ئایا بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزاندا پەیوەندی بە ڕەهەندە ئابوورییەکانەوە هەیە؟

- **گرنگی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر ڕەهەندە ئابوورییەکان و پەیوەندییان بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزانەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی . لێرەدا بەشێک لە گرنگییەکەی دەخەینەڕوو:

1. توێژینەوە لە کاریگەری داهاتی خێزان، جۆرەکانی پیشە، و بنەماکانی بەبازاڕکردن و جۆرایەتی کاڵاکان لەسەر بەکاربەران دەتوانێت تێڕوانینەکان بۆ ڕەفتاری ئابووری و یەکەمایەتیدان بە سەرچاوەکان ئاشکرا بکات. ئەمە دەتوانێت ڕێنمایی بازرگانەکان بکات لە گونجاندنی پێشکەشکردنەکانیان لەگەڵ دیمۆگرافیای ناوچەکە.
2. توێژینەوەکە دەتوانێت بەشداری بکات لە ئەدەبیاتی پێشوودا بە دەرخستنی پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان بەکاربردنی ڕواڵەتی و ناسنامەی خێزان.

3. تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەشداریکردنی خێزانەکان لە بەکاربردنی ڕواڵەتیدا، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پەرەپێدانی بەرنامە پەروەردەییەکان سەبارەت بە بەکاربردنی بەرپرسیارانە.
4. تیشک خستنە سەر بارودۆخی ئابووری لەڕێکخستن و پێشخستنی بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزانەکاندا بەمەبەستی باشترکردنی جۆرایەتی ژیان.

- **ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە؛ دۆزینەوەی پەیوەندی بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزاندا بە ڕەهەندە ئابوورییەکان.

لەڕوانگەی ئەم ئامانجە سەرەکییەوە دەمانەوێت بگەین بەم ئامانجە لاوەکییانەی خوارەوە:

1. زانینی ئاستی بەکاربردنی ڕواڵەتی لەلایەن یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.
2. زانینی پەیوەندی نێوان ڕەهەندە ئابوورییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتی لەلای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.
3. پێوانکردنی سروشتی پەیوەندییە ناوخۆییەکان لەنێوان گۆڕاوە لاوەکییەکانی ڕەهەندە ئابوورییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتی لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە.
4. دیاریکردنی گرنگترین هۆکارە ئابوورییەکان کە دەبنە پاڵنەر بۆ بەکاربردنی ڕواڵەتی.

- **سنوری توێژینەوەکە**

سنووری شوێن: شوێنی توێژینەوەکە سنوری سەنتەری شاری هەولێر دەگرێتەوە .

سنووری مرۆیی: بریتییە لە خێزانەکانی (18) گەڕەك لە سەنتەری شاری هەولێر، کە دابەشی سەر شەش شارەوانی کراون، لە هەر شارەوانییەك (3) گەڕەك وەرگیراوە.

سنووری کات: کاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، بریتیە لە 2025/4/1 تاکو 2025/8/1.

- **پێناسەی چەمکەکان:-**

- **ڕەهەندی ئابووری (البعد الاقتصادي-Economic Dimensions)**

(جميل حمداوي) (2005) پێیوایە ڕەهەندە ئابوورییەکان پرۆسەکانی بەرهەم هێنان و دابەشکردن و ئاڵوگۆڕ کردن و بەکاربردن دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی تاکەکان، لەڕێگەی باشترکردنی ئاستی گوزەران و ژیانی ماددی و دارایی و مەعنەوی، هەروەها دەرئەنجامی هەوڵی تاکەکان لەنێوان خۆیاندا، لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەگرێتەوە، لە چۆنیەتی ڕێکخستنی خەڵك لە بەکاربردنی سەرچاوەکان بۆ تێرکردنی ئارەزوو و پێداویستییەکانی(حمدواي, 2005, ص.6). هەروەها بە بۆچوونی (عبدالله) (2019) ڕەهەندی ئابووری: بریتییە لە پاشەکەوت کردن و بەکاربردن و بەرهەم هێنان و دەرئەنجامەکانی سوڕانەوەی پارە، کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر چالاکی ئابووری هەیە(عبدالله, 2019, ص.7).

**پێناسەی تیۆری بۆ ڕەهەندی ئابووری:** بریتییە لە پرۆسە ئابوورییەکانی وەك بەرهەم هێنان و دابەشکردن و پاشەکەوتکردن و بەکاربردن لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی پارە، کە لە هەلومەرجی ژیانی ماددیدا پەیوەندییان بە پرۆسەی بەکاربردنی خێزانەکان هەیە، لەبەدەست هێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ تێرکردنی پێداویستی و ئارەزووەکان، کە دەرفەتەکان بۆ ژیانێکی شایستە دەستەبەر دەکات.

**پێناسەی ڕێکاری بۆ ڕەهەندی ئابووری:** بریتییە لە کۆی نمرەی گشتی کە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی لێتوێژراو لەسەر پێوەی توێژینەوەکە بەدەستی هێناوە، لەکاتی هەڵسەنگاندنی ڕەهەندە ئابوورییەکان وەك (داهاتی خێزان، جۆری پیشە، بەبازاڕکردن، جۆرایەتی کاڵا)، کە لە هەلومەرجی ژیانی ماددیدا پەیوەندییان بە بەکاربردنی ڕواڵەتی خێزانەکان هەیە، لەڕێگەی بەدەست هێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ تێرکردنی پێداویستی و ئارەزووەکان، بەپێی سەلیقەی بەکاربەران.

- **بەکاربردن (الاستهلاك-Consumption)**

بەکاربردن لەڕووی زمانەوانییەوە، دەوترێت هەوڵ و توانای خۆی لە پارە و هاوشێوەکانیدا خەرجکردووە یان بەفیڕۆی داوە، یان دەوترێت ئەوەی هەیبوو بەکاری هێناوە لە کاڵا و پێداویستییەکاندا(مصطفى و الزيات, 2001, ص.1002).
لەلایەکیترەوە (بوجنان خالدية و مبطوش العلجة) (2022) بەکاربردن بەیەکێك لە ئاڕاستەکەرەکانی خۆشگوزەرانی خێزانەکان دادەنێن، پێیان وایە بەستەرێکی گرنگە لە زنجیرەی چالاکی ئابووریدا و سەرەتاییترین لایەنەکانی پێکدەهێنێت(خالدية و العلجة, 2022, ص.256).

**پێناسەی تیۆری بەکاربردن:** بەکاربردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئابوورییە لە بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لەلایەن خێزانەکانەوە، بۆ تێرکردنی پێداویستییە پێویستەکان بەگشتی و پێداویستییە ڕواڵەتییەکان بەتایبەتی، کە جیاوازە لەڕووی جۆر و شێوە و ئەرك و ئامانجەکانیانەوە، کە پشت بە توانای دارایی و سەلیقە و ئارەزووی بەکاربەران دەبەستێت.

- **بەکاربردنی ڕواڵەتی (الاستهلاك المظهري-Conspicuous Consumption)**

یەکەم کەس (تۆرشتاین ڤێبلن-Thorstein Veblen) بوو کە ئەو چەمکەی بەکارهێناوە، لە کتێبەکەی بەناوی ((تیۆری چینی ئاسودە یان خۆشگوزەران)) لەساڵی (1899)دا، ئەو پێی وایە بەکاربردنی ڕواڵەتی بریتییە لە بەفیڕۆدانی پارە لە کڕینی پێداویستییە گرانبەها و دەگمەنەکان کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری ناهێنێت، بەڵام ئەو پێداویستییانە بەهایەکی جەوهەرییان هەیە کە یارمەتی خاوەنەکەی دەدات جیاواز دەربکەوێت و شانازی بکات، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەناوبانگی پێ دەبەخشێت(روزنبلات, 2011, ص.48).

(مارشال) (1998) بەکاربردنی ڕواڵەتی جۆرێکە لە نمایشکردن و دابەشکردنی سامان و کاڵا، نموونەی خۆشگوزەرانی ڕواڵەتی لە بەدەستهێنانی پۆشاك و بەرهەمە دڵخۆشکەرەکان دەخرێتەڕوو، کە ئاماژەن بۆ سامان و پێگە(مارشال, 2000, ص.901).
هەروەها بەبۆچوونە (العال) (2022) بەواتای شانازیکردن و خۆنمایشکردن و خۆشەویستی ڕواڵەتی و بەدەستهێنانی هەموو شتێکی بەهادار و بەناوبانگ دێت، بەبێ پێویستی بەکاربردنی، لەگەڵ ئەوشدا لاساییکردنەوەی کەسایەتییە ناودارەکان و دەوڵەمەندەکانە بۆ بەدەستهێنانی متمانە بەخۆبوونی زیاتر و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و شکۆمەندییەکی ساختە لە کۆمەڵگەدا(العال, 2022, ص.139).

**پێناسەی تیۆری بەکاربردنی ڕواڵەتی:** بریتییە لە خەرجکردنی یان بەهەدەردانی پارە لە کڕینی کاڵا و پێداویستییە گرانبەها و دەگمەنەکان لە لایەن خێزانەکانەوە. ئەو پێداویستییانە بەهایەکی بەرزیان هەیە کە یارمەتی خاوەنەکەی دەدات جیاواز دەربکەوێت، بۆ بەدەست هێنانی بەختەوەری و ڕەزامەندی و سەرسامی کەسانی دیکە، بۆ باشتر کردنی پێگەی کۆمەڵایەتی لە پێناو شانازیکردن و خۆ نمایشکردن و ناوبانگ پەیداکردن و بە لەبەرچاوگرتنی توانای دارایی و جۆری پیشە و بەبازاڕکردن و جۆرایەتی کاڵاکە.

**پێناسەی ڕێکاری بەکاربردنی ڕواڵەتی:** بریتییە لە کۆی نمرەی گشتی کە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی لێتوێژراو لەسەر پێوەی توێژینەوەکە بەدەستی هێناوە، بۆ هەڵسەنگاندنی بەدەست هێنانی یان کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییە ڕواڵەتییەکان لەلایەن خێزانەکانەوە، کە پەیوەندییان بە گۆڕاوەکانی وەك (داهاتی خێزان، جۆری پیشە، بەبازاڕکردن و جۆرایەتی کاڵا) هەیە کە ڕەهەندی ئابوورییان هەیە، بۆ مەبەستی بەدەست هێنانی بەختەوەری و ڕەزامەندی و سەرسامی کەسانی دیکە، بۆ باشتر کردنی پێگەی کۆمەڵایەتی.

- **خێزان (الاسرة-Family)**

(البديري) (2021) دەڵێت: خێزان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆیە، پێویستە بۆ بونیادنانەوە و پێکهێنانی ئەندامەکانی، هەروەها یارمەتییان دەدات فێری کولتووری کۆمەڵگەکەیان ببن، بە دامەزراوەیەکی جێگیر و هەمیشەیی ژیانی کۆمەڵایەتی

تایبەتمەندە (البديري, 2021, ص738). هەروەها (حمزة و أمال) (2023) دەڵێن: خێزان بریتییە لە سیستەمێکی پێکهاتەیی کە بەشدارە لە داڕشتنی ڕەفتاری تاکەکان لەڕێگەی بەکۆمەڵایەتیکردنەوە، لێرەدا تاکەکان کۆمەڵێك بەها بەدەست دەهێنن، کە ڕەنگدانەوەی کولتووری باوە لە داب و نەریتەکان، لەوانەش چەسپاندنی کولتووری بەکاربەری لەلایەن تاکەکانی لە تەمەنێکی بچووکدا(حمزة و أمال, 2023, ص.138). لەلایەکیترە (گوڵان جمال و زانا أحمد) (2024) خێزانیان بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی پێناسە کردووە، کە لە دایک و باوک و منداڵەکانیان پێکهاتووە، ئەرکی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و پاراستنیان پێسپێردراوە، بە ئامانجی بەدیهێنانی گونجانی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا(جلال و پیرداود, 2024, ل.385).

**پێناسەی تیۆری بۆ خێزان:** خێزان بریتییە لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵە تاکێکی بەیەکەوە بەستراو لەڕووی هاوسەرگیری یان خوێنی یان لەخۆگرتن ، تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە، کە یارمەتیدەرە بۆئەوەی فێری داب و نەریت و هۆشیاری و بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بن، ئەمەش توانای کۆنترۆڵکردن بە هەرخێزانێك دەبەخشێت بۆ لەخۆگرتنی ئەرکە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، پێگە و ڕۆڵە جیاوازەکان دیاریدەکات بۆ تێرکردنی پێداویستییە هاوبەشەکان.

**پێناسەی ڕێکاری بۆ خێزان:** بریتییە لە کۆی نمرەی گشتی کە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی لێتوێژراو لەسەر پێوەی توێژینەوەکە بەدەستی هێناوە، بۆ هەڵسەنگاندنی دامەزراوەی خێزان، کە لە کۆمەڵە تاکێکی بەیەکەوە بەستراو لەڕووی هاوسەرگیری یان خوێنی یان لەخۆگرتن پێکدێت. نوێنەرایەتی یەکەیەکی سەرەکی لە پێشە و خەرجکردنی داهات و بازاڕکردن و کڕینی کاڵا و بەکاربردن دەکات، هەروەها بەشدارن لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری بەکاربەری تاکەکان.

- **چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشووتر**

  - **چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:-**

توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر ڕەهەندە ئابوورییەکان و پەیوەندییان بە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزانەکاندا، لێرەدا چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای گرفتی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو. لەم ڕوانگەیەوە چەند تیۆرێکی پەیوەندیدار بە هۆکارە ئابوورییەکان و پەیوەندییان بە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزاندا دەخەینەڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی (گاری ستانلی بێکەر-Gary Stanley Becker)**

(گاری ستانلی بێکەر-Gary Stanley Becker ) (1930-2014) [(*)] .

تێڕوانینێکی گشتی: تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی لەسەر بنەمای ئەوەیە کە تاکەکان هەڵبژاردنەکانیان لەسەر بنەمای شیکاری عەقڵانی دەکەن. ئەم تیۆرییە تایبەتمەندی ئابوورییەکان و پەیوەندیدان بە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزانەکان شیدەکاتەوە. شیکاری ئابووری بۆ کۆمەڵێک ڕەفتاری مرۆڤ بەکارهێناوە، لەوانەش جموجۆڵەکانی خێزان و پەروەردە و جیاکاری. ئاراستەکانی تیۆری ئابووری درێژدەکاتەوە بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان، تیشک دەخاتە سەر کارلێکی نێوان ئابووری و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی. (بێکەر) بە جێبەجێکردنی بنەما ئابوورییەکان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان ناسراوە، توێژینەوە لەوە دەکات کە چۆن هاندەرە ئابوورییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارەکان هەیە لە بوارەکانی وەک خێزان و پەروەردە(Gary S Becker, 1976, p.14-20).

بنەما سەرەکییەکانی تیۆرەکە:

- سوود و تێچوون: بێکەر دەڵێت تاکەکان بڕیار دەدەن لەسەر بنەمای بەراوردکردنی نێوان سوودە چاوەڕوانکراوەکان و تێچووی چاوەڕوانکراوی بژاردە جیاوازەکان(G.S. Becker, 1981, p.150-180).
- شیکاری عەقڵانی: وا گریمان دەکرێت کە تاکەکان لە کاتی بڕیاردان بە شێوەیەکی عەقڵانی مامەڵە بکەن، واتە هەوڵ دەدەن زۆرترین سوود و کەمترین تێچوون بەدەست بهێنن.

---

[(*)] ئابووریناسێکی ئەمریکیە کە لە ساڵی 1992 خەڵاتی یادەوەری نۆبڵی لە زانستە ئابوورییەکان وەرگرت. مامۆستای ئابووری و کۆمەڵناسی بووە لە زانکۆی شیکاگۆ، نەوەی سێیەمی قوتابخانەی ئابووری شیکاگۆ بووە.

- بەکاربردن بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی: بێکەر ئەم تیۆرییە بۆ ڕەفتارەکانی وەک تاوان بەکاردەهێنێت، کە دەڵێت ڕەنگە تاکەکان بڕیار بدەن تاوان بکەن ئەگەر سوودە ئەگەرییەکان لە تێچوونەکان زیاتر بن (وەک سزا). هەروەها بۆ هاوسەرگیری و خوێندن و پەروەردەکردن و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش بەکاری هێناوە( Gary S Becker, 1976, p.14-20).

چوارچێوەی گفتوگۆ:

- داهاتی خێزان: خێزانە داهات بەرزەکان دەتوانن زیاتر وەبەرهێنان لە پەروەردە و لێهاتووییەکاندا بکەن، ئەمەش کاریگەری لەسەر شێواز و ئارەزووەکانی بەکاربردن دەبێت(Gary S Becker, 1964, p.40-60).

- جۆری پیشە: دۆخی پیشەیی کاریگەری لەسەر داهات و، دواتر، ڕەفتارەکانی بەکاربردن هەیە. ئەو خێزانانەی کە لە کارە پلە باڵاکاندان، لەوانەیە جۆرە جیاوازەکانی کاڵا لە پێشینەدا بنێن بە بەراورد بەو خێزانانەی کە لە پیشەی پلە نزمتردان( G.S. Becker, 1981, p.29-50).

- هاندانی ئابووری: خێزانەکان بەهۆی هۆکارە ئابوورییەکانەوە پاڵنەریان بۆ دروست دەبێت، وەک ئاستی داهات و گرنگییەکانی بازاڕکردن، کە بڕیارەکانی بەکاربردنیان لە قاڵب دەدەن(Gary S. Becker, 1996, p.60-90).

**تاوتوێکردنی تیۆری:** ئەم تیۆرییە لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە تاکەکان و خێزانەکان بڕیارەکانیان بەپێی لۆژیکێکی عەقڵانی دەدەن لەسەر بنەمای بەراوردکردن لە نێوان سوود و تێچوونەکان. خێزانەکان جیاکاری لەنێوان بەدیلە جیاوازەکان دەکەن و هەڵیدەبژێرن، بۆ ئەوەی گەورەترین سوودی ئەگەری بە کەمترین تێچووی بەردەست بهێنن. لەسەر بنەمای ئەمە، داهات و جۆری پیشە، کە گرنگترین ئاراستەکەرەکانن لە بژاردەکانی بەکاربردندا پێکدەهێنن، چونکە ئەو خێزانانەی کە داهاتیان بەرزە و پیشە بەناوبانگەکانیان هەیە، توانای زیاتر دەدەن بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەکانیان بۆ کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان کە سروشتێکی ڕوونیان هەیە. بەم مانایە، ئەم چوارچێوە تیۆرییە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن خێزانەکان لە ئاستە ئابوورییە بەرزەکاندا زیاتر ئامادەن بۆ خەرجکردن بۆ شتە گرانبەهاکان و کاڵای زۆر وەک ڕێگەیەک بۆ تیشک خستنە سەر پێگەی کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی دەستکەوتی هێمادار.

بەکارهێنانی تیۆری: بەپێی تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی ، خێزانەکان بڕیارەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنێکی عەقڵانی زۆرترین سوود دەدەن، ئەم تیۆرییە دەتوانێت ڕوونی بکاتەوە کە چۆن خێزانەکان سەرچاوە بەردەستەکانیان بەکاربهێنن بۆ کڕینی بەرهەم و خزمەتگوزارییە ڕواڵەتییەکان بە پشتبەستن بەوەی، کە چی گەورەترین سوودی ئابوورییان بۆ دەهێنێت، بۆیە ئەو خێزانانەی کە داهاتیان بەرزە، زیاتر ئامادەن خەرجییەکانیان بۆ ئەو بەرهەمانە تەرخان بکەن، کە وێنەی و پێگەی کۆمەڵایەتییان بەرز دەکاتەوە، بە بەراورد بە خێزانی کەم داهات. ئەو بڕیارانە بەشێکن لەو هەوڵانەی، کە زۆرترین سوودی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بەکاربردنی ڕواڵەتییەوە دەستەبەر دەکات، کە پەیوەندییەکی نزیکی بە هۆکارە ئابوورییەکانەوە هەیە.

- **تیۆری سەرمایەی کولتووری و کۆمەڵایەتی (پییر بۆردیۆ-Pierre Bourdieu)**

ئەم تیۆرە لەلایەن (پییر بۆردیۆ-Pierre Bourdieu) (1930-2002) بە ناوی (تیۆری سەرمایەی کولتووری و هێمایی- Cultural and Symbolic Capital Theory) لە کتێبی "جیاکاری: ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی لە حوکمدانی سەلیقە- Distinction: A Social Critique of the Judgment of Taste" کە لە ساڵی (1979) پەرەی پێدراوە و ڕوون کراوەتەوە.(پییر بۆردیۆ) یەکێکە لە بیرمەندە دیارەکان کە بەشدارییەکی گرنگی کردووە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن هۆکارە ئابووری و کولتوورییەکان کاریگەرییان لەسەر شێوازەکانی بەکاربردن هەیە. (بۆردیۆ) سەرنجی خستە سەر دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی کە تاک و گرووپەکان بەکاربردن وەک ئامرازێک بۆ دەربڕین و پاراستن یان بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بەکاردەهێنن(Bourdieu, 1984).

تیۆروانینێکی گشتی: کارەکانی (بۆردیۆ) جەخت لەسەر ڕۆڵی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە لە دارشتنی سەلیقە و ئارەزووەکان. ئەو دەڵێت: چینی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر شێوازەکانی بەکاربردن هەیە، لەگەڵ پەسەندکردنی هەندێک جۆری کاڵا و خزمەتگوزاری. دەتوانرێت ئەم تیۆرییە بەکاربهێنرێت بۆ توێژینەوە لەوەی کە چۆن هۆکارە ئابوورییەکان (وەک داهات و پیشە) دەبنە ڕێگەیەك بۆ دەستراگەیشتن بە هەندێک کاڵای دیاریکراو(Bourdieu, 1984, p.18-24). هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە لەژێر کاریگەری ململانێی ڕۆڵەکاندان دەبنە هۆی دابەشبوونی سەرچاوە ئابوورییەکان لەناو خێزاندا، بەو پێیەی بەدواداچوون بۆ ئەم پێداویستییە خێزانیی و کۆمەڵایەتیانە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئارەزووی بەکاربردن و نیشاندانی پێگەی کۆمەڵایەتی(خوشناو, 2021, ص362).

**تاوتوێکردنی تیۆری:** ئەم تیۆرییە لەو گریمانەوە دەست پێدەکات کە شێوازەکانی بەکاربردن تەنها بە سەرچاوە ماددییەکان سنوردار ناکرێن، بەڵکو بە سەرمایەی کەلتووری و هێمایی خێزانەکانیش دادەنرێت. پەروەردە، ئاستی ئارەزوو، و زانیاری دەربارەی براند و هێما کۆمەڵایەتیەکان ئەو توخمانەن، کە کاریگەری لەسەر بڕیاری کڕین هەیە. بەم شێوەیە، بەکاربردن دەبێتە ئامرازێک بۆ جیاکردنەوەی خود و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، کە هەڵگری مانای هێماییین. ئەو خێزانانەی سەرمایەی کەلتووری بەرزیان هەیە، تەنانەت ئەگەر داهاتیان هاوشێوەی خێزانەکانیتر بێت، شێوازی بەکاربردنیان جیاواز و وردترە لە ڕووی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی کارلێکی نێوان هۆکارە ئابوورییەکان و سەرمایەی کەلتوورییە لە شێوەی ڕەفتاری خۆدەرخستنی بەکاربەر.

بەکارهێنانی تیۆری: چوارچێوەی تیۆری (بۆردیۆ) ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن ڕەفتارەکانی بەکاربردن ڕەنگدانەوەی سەرمایەی کولتووری و کۆمەڵایەتییە، جیاوازی چینایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەکات. لەناو خێزانەکاندا، ئەزموونکردنەکانی بەکاربردن ئاشکرای دەکەن کە چۆن سەرمایە ئابووری و کولتوورییەکان بەکاردەهێنرێن بۆ جێبەجێکردنی چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان و گونجاندنی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری. ئەم تیۆرییە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن هۆکارە ئابوورییەکان شێوازەکانی بەکاربردن لە قاڵب دەدەن.

- کاریگەرییە ئابوورییەکان: توانای دارایی خێزان، لەوانەش داهات و خەرجییەکان، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سەلیقە و هەڵبژاردنی بەکاربردن هەیە.
- کارلێکی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان: بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری پێکەوە بڕیارەکانی بەکاربردن لە قاڵب دەدەن، بۆ هاوسەنگکردنی بەها کولتوورییەکان و باری دارایی.

کەواتە، بۆ تێگەیشتنێکی تەواو لە کاریگەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەر ڕەفتاری بەکاربردن لەناو خێزانەکان لە شاری هەولێر، دەتوانرێت بەراوردێک لە نێوان کاریگەرییەکانی فشاری کۆمەڵایەتی بەرامبەر توانای دارایی لە دیاریکردنی شێوازی بەکاربردنی خێزاندا بکرێت، ئەمە جگە لە جیاوازییە کولتوورییەکانی نێوان و خێزانە جیاوازەکان.

بۆیە ئەم گریمانەیەی خوارەوە بەپێی بۆچوونی (بۆردیۆ) پێشبینی دەکرێت: هەڵبژاردنی بەکاربردن لەناو خێزانەکانی شاری هەولێر بە شێوەیەکی سەرەکی لەژێر کاریگەری هۆکارە ئابوورییەکان (وەک داهات، هێزی کڕین، و ئاستی ئابووری خێزان)ە، بەجۆرێک کە سەرمایەی ئابووری بەشدارە لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری بەکاربردن لەڕێگەی هاندەرە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکارە ئابوورییەکان مەودای هەڵبژاردنی کاڵا بەکاربەرەکان بۆ خێزانەکان دیاری دەکەن.

- ✓ لەکۆتاییدا تێکەڵکردنی هەردوو تیۆرەکە ئەوە دەردەخەن، کە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزانەکانی شاری هەولێر بە تەنها دیاردەیەکی ئابووری یان دیاردەیەکی کولتووری نییە، بەڵکو دەرئەنجامی کارلێکی هەردوو ڕەهەندەکەیە. تیۆرەکەی (بیکەر) توانای خێزان بۆ بەکاربردنی ڕواڵەتی لە ڕێگەی داهات و پیشەوە ڕوون دەکاتەوە، لە کاتێکدا تیۆرەکەی (بۆردیۆ) ڕەهەندی کەلتووری و هێمای دەردەخات کە ڕێنمایی ئەوە دەکات چی بەکاردەبرێت و چۆن بەکاردەبرێت. سەرچاوە ئابوورییەکان

ئەگەرەکان دیاری دەکەن، لە کاتێکدا سەرمایەی کولتووری و هێمایی ئەو ڕێگایانە دیاری دەکات، کە ئەو ئەگەرانە وەردەگێرن بۆ ڕەفتاری بەکاربردن، کە هەڵگری بەهای کۆمەڵایەتییە. کەواتە دەتوانین بڵێین بەکاربردنی ڕواڵەتی ڕەفتارێک دەردەخات کە ڕواڵەتێکی عەقڵانیانە و لە ناوەڕۆکدا هێمایی هەیە، ڕەنگدانەوەی تێکەڵبوونی هۆکارە ئابوورییەکانە لەگەڵ هۆکارە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکان لە پێکهێنانی شێوازی ژیانی خێزاندا.

- **توێژینەوەکانی پێشووتر:-**

  - **توێژینەوە عێراقییەکان:**

1. (محمد, 2017) (ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی کولتووری بەکاربردن-مامۆستایانی پەروەردەی شاری سلێمانی بە نموونە)

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، خستنەڕووی ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی کولتووری بەکاربردنە لای مامۆستایانی پەروەردەی شاری سلێمانی. دەرخستنی جیاوازی بەکاربردن بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز (نێر و مێ) و باری خێزانداری. هەروەها بوونی پلانی خەرجکردن لەلایەن یەکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی سەرەوە. توێژینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە، پشت بە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە بەستراوە. نموونەی وێژینەوەکە هەڕەمەکی چینایەتییە. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی کە بەسەر (450) نموونەدا دابەشکراوە. ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان بریتیین لە (ئەلفا کرونباخ و دابەشبوونی بەشەکی) لە پاکێجی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان. لە گرنگترین ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە، بەکاربردن مانا و هێمای کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان تەنها دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانە نییە، بەڵکو بازاڕکردن بۆ چێژ وەرگرتن و کات بەسەربردنەیشە، بۆتە هۆی دابەشبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان و ناوەندێك بۆ خۆنمایشکردن. هەروەها ڕاگەیاندن و بەبازاڕکردن کۆمەڵگەی بەرەو بەکاربردنی زیاتر ئاراستە کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی بەرچاو لەبازاڕکردن و بەکاربردن لەنێوان ڕەگەزی (نێر و مێ)دا نابینرێت. ڕێکلام و بەبازاڕکردن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە جێبەجێکردنی مەبەستەکانی سەرمایەداری لەڕێگەی دروستکردنی خواستی بەکاربەری و چێژ وەرگرتن لە بازاڕکردن و گەیشتن بە ئاسوودەیی خێزانەکان.

2. (داود, 2022) (الاستهلاك المظهري و علاقته بمكانة الاجتماعية-دراسة ميدانية في مدينة الموصل)

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاست، کاریگەری و پەیوەندی بەکاربردنی ڕواڵەتییە بە پێگەی کۆمەڵایەتی تاك، توێژینەوەکە پشتی شێوازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە بەستووە، لە جۆری نموونەی هەڕەمەکی، نموونەی توێژینەوەکە لە (50) خێزان پێکهاتووە، لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەگەڵ بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی وەك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە. لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە پەیوەندییەکی نزیك و پەیوەندیدار هەیە لەنێوان بەکاربردنی ڕواڵەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکاندا، هەروەها دەرکەوتووە پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر تاکەکان و ئەندامانی کۆمەڵگە هەیە، بەوپێیەی شانازی دەکەن و خۆیان لەو بابەتەدا نمایش دەکەن. لەلایەکیترەوە هۆکاری ئابووری کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر شێوازی بەکاربردن هەبووە، بەهۆی ئەوەی کاتێك پارە لەبەردەستی تاکەکان بێت، بەدوای کڕیندا دەگەڕێن.

  - **توێژینەوە عەرەبییەکان:**

1. (عنية, 2014) (المتاحف الجزائرية بين ثقافة الإستهلاك و تذبذب الزوار)

گریمانەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە: سەردانیکەرانی مۆزەخانە بەپێی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەگۆڕێت. باکگراوندی ئازادی سەردانیکەران، کە لەسەرمایەی کولتووری و ئابوورییەوە سەرچاوەی گرتووە ئەزموونکردنی کولتووری دیاریدەکات و مانای بەکاربردنی ڕواڵەتی دەبەخشێت. توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە کە پشتی بە میتۆدی چەندانی بەستووە،

توێژینەوەکە بۆ کۆکردنەوە زانیاری پشتی بە تێبینیکردن بەستووە، بۆ قۆناغی توێژینەوەی کەشفی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئەو بابەتەوە، هەروەها بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، وەرگرتنی (100) نموونەی توێژینەوە. لەتوێژینەوەکەدا دەرکەوتوو، جیاوازی و ناچۆنیەکی لەنێوانی چینە کۆمەڵایەتییە پیشەییەکان لەڕووی مانا و تێڕوانینینەکان بەپێی ڕەگەز و تەمەن و ئاستی خوێندەواری و شوێنی نیشتەجێبوون هەیە. هەروەها ئەو گروپەی کە سەرمایەی کولتووری و سەرمایەی ئابووری هەیە، هەوڵدەدات لەسەردانیکردنیدا بۆ شوێنە تایبەتەکان سەرکەوتوو بێت، بۆ ئەم مەبەستە ڕێرەوی بەکاربردنێکی جیاواز لەشێوەی بەکاربردنی خۆنمایشکاری ڕواڵەتی دەگرێتەبەر، کە ڕەنگدانەوەی جیاوازییە شێوەییە ڕواڵەتییەکانە. ئەمەش ئەوە دەردەخات خەڵکی لە گەشت و سەردانیکردن بۆ شوێنە گشتی و تایبەتییەکان هەوڵی بەکاربردنی ڕواڵەتی و خۆدەرخستن دەدەن، بۆ بەدەست هێنان و پاراستنی پێگەکەی.

2. (عائشة, خديجة, و زهيـــة, 2017) (قيمة العلامة التجارية وأثرها على سلوك المستهلك الجزائري-دراسة حالة العلامة التجارية موبيليس)

ئەو توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەو براندە، کە کۆمپانیاکان لە ئێستادا هەوڵدەدەن بۆ دروستکردنی براندێکی بەهێز کە بتوانن بەرهەمەکانیان لە بەرهەمە ڕکابەرەکانی دیکە جیا بکەنەوە. ئەمەش بە توێژینەوە لە گرنگترین پێکهاتەکانی بەهای براند ئەنجام دەدرێت، کە بریتین لە هۆشیاری براند، وێنە و ناوبانگ، جۆرایەتی و دڵسۆزی بۆ براند، و چۆن ئەمانە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەری جەزائیر هەیە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، فۆرمی ڕاپرسی بۆ بابەتی توێژینەوەکە دابەشکرا، کە (29) بابەتی سەبارەت بە براندی مۆبیلیس لەخۆگرتبوو. ئەمەش بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری و تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) ئەنجامدرا. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (100) کڕیاری بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی مۆبیلیس کە دەکەوێتە پارێزگای سەیدا. دوای ئەنجامدانی شیکارییەکە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هۆکارەکانی وەك (هۆشیاری و وێنە و ناوبانگ و جۆرایەتی و دڵسۆزی) براند کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەرانی جەزائیر هەبووە.

3. (بخاري و الجنهي, 2021) (الاستهلاك المظهري لسلع الرفاهية في المملكة العربية السعودية- دراسة تطبيقية على مدينة جدة)

ئامانجی شیکردنەوەی بەکاربردنی ڕواڵەتی کاڵای خۆشگوزەرانییە لە شانشینی سعودیە. توێژینەوەکە پشتی ڕێبازی شیکاری و وەسفکەر بەستووە بۆ وەسفکردنی دیاردەکە، بۆ ئەوەی بە گرنگترین پاڵنەرەکانی ئەم جۆرە بەکاربردنە بگات. فۆرمی ڕاپرسی بەسەر (712) کەس لە شاری جددە دابەشکردووە. لە ڕێگەی شیکردنەوە و خەمڵاندنی ئەرکی بەکاربردن بۆ پێوانەکردنی کاریگەری داهات بەرامبەر: ڕەگەز، تەمەن، و باری پیشەیی، لەسەر بەکاربردنی کاڵای خۆشگوزەرانی. ئەنجامەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە داهات پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ بەکاربردنی کاڵای خۆشگوزەرانی، بەکاربەرانی سعودیە پێیان وایە بەرزبوونەوەی نرخەکان ئاماژەیە بۆ جۆرایەتی باشتر یان بۆ پیشاندانی پێگە. بەکاربەران تازەگەری و نرخە بەرزەکان و ناوبانگی براند و جۆرایەتی لە پێشینە دادەنێن. شتە سەرەکییەکانی بەکاربردنی خۆنمایشکردن بریتین لە پۆشاك و پێڵاوی مارکەدار، زێڕ، زیو، بۆنی گرانبەها. هەروەها دەرکەوتووە ژنان زیاتر لە ژێر کاریگەری ڕیکلام و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکاندان. هەروەها توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات باشتربوونی باری ئابووری دەبێتە هۆی زیادبوونی بەکاربردنی کاڵا گرانبەهاکان. جگە لەوەش، گەنجەکان بەکاربەری سەرەکین بۆ کاڵای گرانبەها و بەکاربردنی ڕواڵەتی. لەلایەکیترەوە کەسایەتییە ناودارەکان و سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە داڕشتنی ئارەزووی بەکاربەرە گەنجەکان.

4. (إبراهيم, حسين, و العشري, 2024) (ثقافة الاستهلاك: رؤية سسيواقتصادية)

ئامانجەکانی توێژینەوەکە زانینی تایبەتمەندییە گشتییەکانی بەکاربەران، هەروەها شێوازی بەکاربردن لەناو خێزانە گوندنشینەکان و شارنشینەکاندا، هەروەها ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر بڵاوبوونەوەی کولتووری بەکاربردن هەیە، هەروەها کاریگەری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر شێوازەکانی بەکاربردن. توێژینەوەیەکی وەسفییە. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و شێوازی بەراوردکاری بەستووە، بە بەکارهێنانی فۆرمی چاوپێکەوتنی خێزانەکانی میصر، کە پشتی بە نموونەیەکی هەڕەمەکی کە لە(371) خێزان پێکهاتووە بەستووە. توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، هۆکارە ئابوورییەکان پاشان هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان، لە گرنگترین هۆکارەکانن کە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری بەکاربردن لە خێزاندا هەیە، دەرکەوتووە پەیوەندییەکی باش لەنێوان داهاتی مانگانە و زیادبوونی بەکاربردن هەیە. دەرکەوتووە جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لە گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانن کە کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی بەکاربردن هەیە. دەرکەوتووە جیاوازی کەلتووری یەکێکە لە گرنگترین هۆکارە کەلتوورییەکان، بۆ خۆهەڵکێشان و لاسایکردنەوە لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەروەها بوونی پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان ڕیکلامکردن و بەکاربەر، چونکە ڕیکلام پاڵپشتییەکە بۆ ڕازیکردن و گەیاندنی تاك بە ئارەزووەکانی.

- **توێژینەوە بیانییەکان:**

1. Me–A Consumer? Consumption, Identities and Lifestyles in Today's ) (Wilska, 2002) (Finland

گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هۆشیاری تاك لە شێوازی ژیانی بەکاربەری، پێکهاتنی شوناسش پرۆسەیەکی هۆشیارانەیە. لەم توێژینەوەیەدا تیۆرەکانی پێکهێنانی شوناس و شێوازی ژیان لەڕێگەی بەکاربردنەوە بەشێوەیەکی ئەزموونی شیکردنەوەی بۆ کراوە، بە شیکردنەوەی کۆمەڵە داتایەك کە لەڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسی دەربارەی بەکاربردن و شێوازی ژیانی فینلاند (1999) لەسەرانسەری وڵات وەرگیراوە، قەبارەی نموونەکە (2417) کەس بووە. توێژینەوەکە دەریخستووە کە زۆرێک لە بەکاربەرانی فینلەندی بەکاربردن وەک بەشێکی گرنگی ناسنامەکەیان سەیر ناکەن. هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیمۆگرافییەکان، وەک ڕەگەز، تەمەن، پێگەی چینایەتی و داهات کاریگەری بەهێزیان لەسەر زۆربەی شێوازەکانی ژیان و ڕەفتاری بەکاربەران هەیە. بەکاربەرانی فینلەندی لە ژێر کاریگەری سەرچاوەی داهاتدان. هەروەها بەکاربەران بە سنووردار کردنی داهات کاریگەر دەبن، بەتایبەتی چینی گەنجان کە زۆر ئامەزرۆی خەرجکردنی پارەن لەچاو گروپە تەمەنییە گەورەکان.

2. The effect of visual product aesthetics on consumers’ price ) (Mumcu & Kimzan, 2015) (sensitivity

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە لە پەیوەندی نێوان جوانکاری ڕواڵەتی بەرهەمەکان و هەستیاری بەکاربەران بۆ نرخی بەرهەمەکان بتوێژێتەوە. زانیارییەکانی توێژینەوەکە لەڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە لە (510) نموونە بەشێوەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە لە تورکیا کۆکراوەتەوە. ئەنجامەکان دەریانخستووە کە پەیوەندی لەنێوان جوانکاری ڕواڵەتی بەرهەمەکان و هەستیاری نرخی بەرهەمەکانی بەکاربەرانەوە هەیە، بە واتایەکیتر کاتێك دیزاینی هەر بەرهەمێك سەرنجڕاکێش و بەهێز بێت، بەکاربەران کەمتر هەستیار دەبن بەرامبەر بە نرخی بەرهەمەکە. بۆیە دیزاینە سەرنجڕاکێشەکانی بەرهەم دەتوانن ئاستی هەستیاری نرخ کەم بکەنەوە، ئەمەش ڕەنگە لایەنی ئابووری کۆمپانیاکان بەهێز بکات و قازانجی زیاتر بەدەست بهێنێت. لەپاڵ بەرهەمی بینراودا جوانکاری زۆر گرنگە نەك تەنها لەڕووی ڕەفتاری بەکاربەرەوە، بەڵکو بۆ شوناس و لۆگۆی کۆمپانیاکەش گرنگە.

3. Conspicuous Consumption in Emerging ) (Areiza-Padilla & Manzi Puertas, 2021) (Markets: The Case of Starbucks in Colombia as a Global and Sustainable Brand

ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات کە پەیوەندی نێوان بەکاربردنی ڕواڵەتی و وێنەی براند یان دڵسۆزی بۆ براند هەیە. ئەم توێژینەوەیە کەیسی سندوقی ئەستێرە (ستاربۆکس) کە سێیەم گەورەترین هەناردەکاری قاوەیە لە جیهاندا وەک براندێکی جیهانی شیدەکاتەوە. هەروەها بۆ خستنەڕووی ئەوەی کە چۆن ئەم براندە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لە بازاڕە تازە دەرکەوتووەکاندا دروست دەکات. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی چەندایەتی بەکارهێناوە، لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییەوە، کە پێکهاتووە لە (305) نموونە کە تەمەنیان لەسەروی (18)ساڵیدایە زانیاریەکانی کۆکردۆتەوە، کە داتاکانیان لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماری بەناوی (PLS 3.2.7 پرۆسێسکراون. ئەنجامەکان پەیوەندی گرنگ لە نێوان دڵسۆزی بۆ براند و بەکاربردنی رواڵەتی پشتڕاست دەکەنەوە، بەتایبەتی ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییانەی وەک بەشێک لە هێماکانی پێگە و ناسنامەی نەتەوەیی ئەو وڵاتە سەیر دەکرێن. بەم شێوەیە بەکاربەرانی ڕواڵەتی دیدێکی باشیان بۆ ئەو براندانەی کە دەیکڕن هەیە، چونکە پیگەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوان دەستەبەر دەکات، لەبەر ئەم هۆکارەشە ئەوان دڵسۆزییان بۆ براندەکە هەیە.

- **تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر**

بۆ ئەوەی بەراوردێکی ورد و قووڵ بۆ توێژینەوەکە پێشکەش بکەین لەسەر بنەمای ڕەهەندە ئابوورییەکان و پەیوەندییان بە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزاندا، ئێمە سەرنج دەخەینە سەر پەیوەندی نێوان ڕەهەندە ئابوورییەکانی وەك (داهاتی خێزان، جۆری پیشە، بەبازاڕکردن، جۆرایەتی کاڵاکان) بە بەکاربردنی ڕواڵەتی.

- ڕەهەندە ئابوورییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی

1. داهاتی خێزان: لە توێژینەوەکانی (داود، 2022) و (إبراهيم و حسين و العشري، 2024) و (ویڵسکا، 2002) و (بخاری و الجنهي، 2021)دا دەرکەوتووە ئاستی داهاتی خێزان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بەکاربردنی ڕواڵەتی هەیە، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە پێگەی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە توانای خەرجکردن بۆ کاڵای نایاب و گرانبەها. ئاماژە بەوە دەکەن ئەو خێزانانەی کە داهاتیان زیاترە، کاڵای نایاب و گرانبەها بەکاردەبەن، بۆ نیشاندانی جیاوازی کۆمەڵایەتی. خەڵکی چینە کۆمەڵایەتییە باڵاکان زیاتر خەرج دەکەن بۆ ئەو بەرهەمانەی کە پلەبەندی کۆمەڵایەتییان بەهێزتر دەکەن.
2. جۆری پیشە: توێژینەوەکانی (عنية، 2014) و (ویڵسکا، 2002) ئاماژە بە کاریگەری جۆری پیشە لە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزانەکاندا دەکەن. بۆنموونە (عنية، 2014) ئاماژە بەوە دەکات کە جیاوازی و ناچۆنیەکی لەنێوانی چینە کۆمەڵایەتییە پیشەییەکان لەڕووی مانا و تێڕوانینینەکان بۆ کاڵا بەکاربەرییەکان هەیە. هەروەها خێزانەکان بەپێی سەرمایەی کولتووری و ئابوورییان ڕێڕەوی بەکاربردنێکی جیاواز لەشێوەی بەکاربردنی خۆنمایشکاری ڕواڵەتی دەگرنەبەر.
3. بەبازاڕکردن: توێژینەوەکانی (إبراهيم و حسين و العشري، 2024) و (بخاری و الجنهي، 2021) و (محمد، 2017) ئاماژە بەوە دەکەن بەبازاڕکردنی بەرهەم گرنگن لە داڕشتنی ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی. باس لەوە دەکەن، کە چۆن ڕیکلام و ناوی براند دەبنە هێمای پێگەی خێزانەکان، زۆر جاریش کێبڕکێ دەکەن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەران، خێزانەکان بە توندی کاریگەری ڕەوتی بەبازاڕکردنیان لەسەرە.
4. جۆرایەتی کاڵا: توێژینەوەکانی (بخاری و الجنهي، 2021) و (ئارییزا-پادیلا و مانزی پوێرتاس 2021) و (مەمکو و کیمزان، 2015) (عائشە و ئەوانیتر، 2017) تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن جۆرایەتی کاڵا و کاڵای خاوەن براند ئاستی بەکاربردنی ڕواڵەتی بەرز دەکەنەوە، بەجەختکردنەوە لەوەی کە بەرزبوونەوەی نرخەکان ئاماژەیە بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری جۆرایەتی باشتر. بە واتایەکیتر تاکو دیزاینی هەر بەرهەمێك سەرنجڕاکێش و بەهێز بێت، بەکاربەران کەمتر بەرامبەر بە بەرزی نرخی بەرهەمەکە هەستیار دەبن.

- خەسڵەت و تایبەتمەندییەکان

1. ڕەگەز: توێژینەوەکانی (بخاری و الجنهي، 2021) و (ویڵسکا، 2002) (عنیة، 2014) ئاماژە بە بوونی جیاوازی دەکەن لەنێوان ڕەگەزی (نێر و مێ) لە بەکاربردنی ڕواڵەتیدا، بەڵام لە توێژینەوەکەی (محمد، 2017) هیچ جیاوازییەك بەدینەکراوە لەنێوان ڕەگەزی (نێر و مێ) لە بەکاربردنی ڕواڵەتیدا.
2. تەمەن: توێژینەوەکانی (بخاری و الجنهي، 2021) و (ویڵسکا، 2002) (عنیة، 2014) ئاماژە بە بوونی جیاوازی دەکەن لەنێوان تەمەنە جیاوازەکا لە بەکاربردنی ڕواڵەتیدا.
3. ئاستی خوێندەواری: توێژینەوەکانی (ویڵسکا، 2002) (عنیة، 2014) ئاماژە بە بوونی جیاوازی دەکەن لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی خوێندەواری لە بەکاربردنی ڕواڵەتیدا.
4. شوێنی نیشتەجێبوون: توێژینەوەکەی (عنیە، 2014) ئاماژە بە کاریگەری شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی دەکات.

## ➢ میتۆدی توێژینەوەکە و ڕێوشوێنەکانی لایەنی مەیدانی

- **میتۆدی توێژینەوەکە:-**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی-شیکارییە. میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە شێوازی بەنموونە (-Sociological Case Oriented Approach) بەکارهاتووە، هەروەها ئەم میتۆدە بە شێوەیەکی زانستی بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نموونەی توێژینەوەکە و ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان ڕەهەندە ئابوورییەکان و بەکاربردنی ڕەواڵەتی لەناو خێزاندا، هەروەها ڕێگایەکی گونجاوە بۆ بەدەستهێنانی داتا و زانیاری لە کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەی وەرگیراو لە کۆمەڵگەدا، بۆ جێبەجێکردنی پێوەری توێژینەوەکە بەپێی قۆناغە زانستیەکان.

- **قۆناغەکانی میتۆدی وەسفی شیکاری:-**
  - **کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

لەو توێژینەوەیەدا، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە هەموو خێزانەکانی نشتەجێبووی شاری هەولێر، بە تایبەتی ئەوانەی نیشتەجێن لە سەنتەری شارەکە. بە پشتبەستن بە داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2025)، ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری شاری هەولێر بریتییە لە(1,060,453)(*).

  - **نموونەی توێژینەوەکە**

لەو توێژینەوەیەدا بەهۆی زۆری ژمارەی خێزانەکان لە سەنتەری شاری هەولێر وەك یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، پەنا براوەتە بەر شێوازی نموونە وەرگرتن، سەنتەری شاری هەولێر بەشێوەیەکی گشتی (76) گەڕەك و (51) پڕۆژەی نیشتەجێبوون لەخۆدەگرێت، جگە لە گوندەکان و پڕۆژە تەواونەکراوەکان، کە دابەشی سەر (6) شارەوانی کراون(*)، لەسەر بنەمای ئەوە نموونە گرتنی چینایەتی نارێژەیی پشتی پێدەبەسترێت.

➢ پاساو بۆ بەکارهێنانی نموونەی چینایەتی نارێژەیی و دابەشکردنی بەسەر شارەوانیەکانی شاری هەولێر( Kemper et al., 2003,p274).

1. نەبوونی داتای ورد لەسەر دابەشبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان (هەژار، ناوەند، دەوڵەمەند) لەناو شارەوانیەکانی شاری هەولێر.
2. ئامانجی توێژینەوەکە پێویستی بە بەراوردکردنی گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانە.

**(*) داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2025) ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری شاری هەولێر، کە شارنشینن بریتییە لە (1,060,453) کەس.**

**(*) بە پشتبەستن بە داتا و زانیاری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بۆ ساڵی (2025).**

3. نموونەی ناڕێژەیی ڕێگە بە هاوسەنگی ژمارەیی دەدات لە نێوان شارەوانییەکان، ئەمەش ڕێگە بە توێژەر دەدات جیاوازی و ئاراستەکان لەڕووی (ئابووری، کۆمەڵایەتی)یەوە لەناو هەر شارەوانییەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ شی بکاتەوە.
4. ئەم جۆرە نموونەیە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان پێشنیار دەکرێت کاتێک مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگە نایەکسانەکاندا دەکرێت، کاتێک نموونەکە پێویستی بە نوێنەرایەتیکردنی گروپە بچووکەکان هەیە.

بەپێی دابەشبوونی سەنتەری شاری هەولێر بۆ (6) شارەوانی، توێژەر لەهەر شارەوانییەك (3) گەڕەکی (دەوڵەمەند و ناوەند و هەژار) نشینی وەرگرتووە، لەسەر بنەمای ئەو خەسڵەتە جیاوازانەی کە لەسەروە باسکراون. هەروەها قەبارەی نموونەکە بریتییە لە (384) یەکە لە خێزانەکانی دانیشتووی سەنتەری شاری هەولێر، کە وەك نموونەی توێژینەوە وەرگیراون، ئەو ژمارەیەش بەپێی بەپێی هاوکێشەی(Krejcie & Morgan) ساڵی (1970)(Krejcie & Morgan, 1970) بۆ دیاریکردنی قەبارەی نموونەکە دیاریکرا، ئەو ژمارەیەش دابەشی سەر (6) شارەوانی سەنتەری شاری هەولێر کرا، نموونەیەکی چینایەتی ناڕێژەیی وەرگیراوە، بڕوانە خشتەی (1).

**خشتەی (1)**
**دابەشبوونی نموونەی ناڕێژەیی بەپێی شارەوانییەکان و گەڕەکەکانی سەنتەری شاری هەولێر ڕووندەکاتەوە**

| شارەوانی | دەوڵەمەند (20%) | ناوەند (30%) | هەژار (50%) | کۆی گشتی | گەڕەکی دەوڵەمەند | گەڕەکی ناوەند | گەڕەکی هەژار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شارەوانی 1 | 13 | 19 | 32 | 64 | زانیاری | منارە | سێتاقان |
| شارەوانی 2 | 13 | 19 | 32 | 64 | وەزیران | کوێستان | کورانی عەنکاوە |
| شارەوانی 3 | 13 | 19 | 32 | 64 | فیوچەر | هەولێری نوێ | خانزاد |
| شارەوانی 4 | 13 | 19 | 32 | 64 | مفتی | فەرمانبەران | باداوە |
| شارەوانی 5 | 13 | 19 | 32 | 64 | ڕوناکی | ڕۆشنبیری | ژیان |
| شارەوانی 6 | 13 | 19 | 32 | 64 | ئمپایر | نیشتمان | شادی |

- پاساوی زانستی بۆ دابەشکردنی نموونەکە وەک (50%)ی بۆ هەژار، (30%)ی بۆ ناوەند، (20%)ی بۆ دەوڵەمەند:

1. ئەم دابەشکردنە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی ناهاوسەنگی (کۆمەڵایەتی و ئابووری)یە لە زۆربەی شارنشینەکانی عێراقدا کە هەژاران زۆرینەی دانیشتووان پێکدەهێنن.
2. ئامانج لەم دابەشکردنە دڵنیابوونە لە نوێنەرایەتییەکی گونجاوی گروپە لاوازەکان، دوورکەوتنەوە لە پەراوێزخستنی ئامارییان و تیشک خستنە سەر تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان.
3. ئەم شێوازە بەزۆری لە توێژینەوەکاندا بەکاردەهێنرێت، کە هەوڵدەدەن جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان شیبکەنەوە، نەک تەنها نوێنەرایەتی ژمارەیی دانیشتووان.

- **ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:-**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە فۆرمی پێوەری توێژینەوە وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەبارەی بابەتی توێژینەوەکە بەستراوە، هەروەها چاوپێکەوتنیش وەك ئامرازێکی لاوەکی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەمەبەستی دارشتنی برگەکانی پێوەرەکانی توێژینەوەکە سوودی لێوەرگیراوە.

- **هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پێوەری توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر سوودی لە ئامرازی چاوپێکەوتن وەرگرت، بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی خێزاندار، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بە مەبەستی داڕشتنی برگەکانی هەردوو پێوەری توێژینەوەکە یەکەمیان (ڕەهەندە ئابوورییەکان) دووەمیان (بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزانەکان)دا. لێرەدا توێژەر بۆ دەستکەوتنی برگەکانی پێوەرەکانی توێژینەوەکە، پەنایبردۆتە بەر چەند هەنگاوێکی زانستی، کە وەک ڕێکارێك داڕشتنی برگەکانی پێوەری توێژینەوە بەکاردێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**1- توێژینەوەی تاقیکاری (Pilot Study)**

بەمەبەستی دەستخستنی چەند برگەیەکی گونجاو، توێژەر هەڵساوە بە ئەنجامدانی پرسە توێژینەوە بەمەبەستی داڕشتنی برگەکانی پێوەرکە (Pilot Study) لە ڕێگەی وەرگرتنی (15) تاك لە کۆمەڵگەی توێژینەوە بە شێوەیەکی هەرەمەکی، کە بەشداری نموونەی کۆتایی نەکراون، ئەویش بە ئاراستەکردنی پرسیارێکی گشتی تایبەت بە ڕەهەندە ئابوورییەکان و پەیوەندییان بە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزاندا وەك: (بەڕای بەڕێزت ڕەهەندە ئابوورییەکان پەیوەندییان بە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزاندا هەیە؟ چۆن؟)

**2- ئەدەبیاتی پێشوو**

توێژەر سوودی لە ئاراستەی تیۆری جیاجیا و پێناسەکانی چەمکەمەکان وەرگرتووە، هەروەها سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە، کە نزیك بوون لەم بابەتی ئەم توێژینەوەیە، ئەمە سەرەڕای ڕاوێژکردن لەگەڵ کەسانی پسپۆر و شارەزا لەم بوارەدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

- بۆ دیاریکردنی برگەکانی پێوەری بەکاربردنی ڕواڵەتی سوودمان لەپێوەری بەکاربردنی ڕواڵەتی ئامادەکراوی (Marsha L. Richins) (2004) وەرگرت بەدەستکارییەوە (Richins, 2004, p.217).
- بۆ داڕشتنی برگەکانی پێوەری ئابووری سوودمان وەرگرتووە لە توێژینەوەکانی (شومان, 2015) و (داود, 2022) و (إبراهيم وآخرون, 2024)

**3- داڕشتنی برگەکان**

لەم قۆناغەدا (32) برگە بۆ پێوەری ئابووری، (14) برگە بۆ پێوەری بەکاربردنی ئامادەکرا. بەم شێوەیە توانیمان پێوەرێکی تایبەت بە ڕەهەندە ئابوورییەکان، هەروەها پێوەرێکی تایبەت بە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزاندا دروست بکەین.

**4- ئەنجامدانی پرسە توێژینەوەی بۆ برگەکانی پێوەرکە**

مەبەست لە ئەنجامدانی پرسە توێژینەوە لەبارەی برگەکانی پێوەری بەکارهاتوو لە توێژینەوەدا، ئاشنابوونە بە ئاست و ڕادەی تێگەیشتنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە و وەڵامدانەوەیان، بۆیە توێژەر هەڵسا بە پرسە توێژینەوەیەك لە شێوەی بەراییدا بەسەر (30) یەکە بەشێوەیەکی هەرەمەکی هەڵبژێردران، لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا هیچ گۆرانکاریێك لە زاراوە بەکارهێنراوەکانی ناو برگەکان ئەنجام نەدرا لەبەر ئەوەی برگەکان ڕوون و دیاربوون بەلایانەوە، هەر تاکێك لە نموونەی پرسە توێژینەوەکە پێویستی بە (20) خولەك هەبوو بۆ وەڵامدانەوەی سەرجەم برگەکان.

بەم شێوەیە توانیمان پێوەرێکی تایبەت بە توێژینەوەکە لەبارەی (ڕەهەندە ئابوورییەکان و پەیوەندییان بە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزاندا) لە شاری هەولێر بەدەست بهێنین، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی چوارینەی لیگەرت کە بریتیین لە (هەمیشە بەسەرمدا دەچەسپێت-زۆرجار بەسەرمدا دەچەسپێت-بەدەگمەن بەسەرمدا دەچەسپێت-هەرگیز بەسەرمدا ناچەسپێت)، کە هێزەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە، بڕوانەی خشتەی (2) .

**خشتەی (2)**
**وەڵامی برگەکان و هێزی برگەکان و ئاراستەی ناوەندەکان ڕووندەکاتەوە**

| وەڵامی برگەکان | هێزی برگەکان | لێکدانەوە لەسەر بنەمای تێکرا | ئاراستی هێز |
|---|---|---|---|
| هەمیشە | 4 | لە 3.25 بۆ 4.00 | بەهێزە |
| زۆر جار | 3 | لە 2.50 بۆ 3.24 | ناوەند |
| بەدەگمەن | 2 | لە 1.75 بۆ 2.49 | لاواز |
| هەرگیز | 1 | لە 1.00 بۆ 1.74 | زۆر لاواز |

- **مەرجە سۆسیۆمەتریەکانی پێوەری توێژینەوەکە**

ئەنجامەکانی جێ بەجێکردنی هەنکاوە سۆسیۆمەتریەکانی پێوەری توێژینەوەکە، بۆ پێوانەکردنی ڕەوایەتی و متمانەپێکراوی ئامرازی توێژینەوەکە. کۆمەڵێک شێوازی ئاماری بەکارهێنران، وەک شیکاری ڕەوایەتی ناوخۆیی، متمانەپێکردن بە بەکارهێنانی ڕێژەی پەیوەندی کرۆنباخ، و تەکنیکەکانی دیکەی وەک تاقیکردنەوەی هاوکێشەی سپیرمان، بۆ تاقیکردنەوەی جۆرایەتی داتاکان. ئەنجامەکان نیشانی دەدەن کە مەرجەکان گونجاون وداتاکان وەڵامی هەڵسەنگاندنە جیاوازەکانی بابەتی توێژینەوەکە داوەتەوە.وەک لە خشتەی (3)دا روونکراوەتەوە.

**خشتەی(3)**
**مەرجە سۆسیۆمەتریەکانی پێوەری توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| | پێوەرەکان | ئەنجامەکان |
|---|---|---|
| 1 | ڕاستگۆیی ڕواڵەتی | بۆ ڕەهەندە ئابوورییەکان، کە (32) برگە بوو، دواتر ژمارەی برگە شیاوەکان بو بە (26) برگە. ڕێژەی ڕەزامەندی= (%.80). |
| 2 | ڕاستگۆیی بنیاد | (0.862) =Cronbach's Alpha.<br>(0.881) =CR.<br>(0.248) =AVE. |
| 3 | جێگیری بەڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە | بە هاوکێشەی سپێرمان (Spearman)= (0.87). |
| 4 | جێگیری هەماهەنگی ناوەکی | (0.94) =Cronbach's Alpha. |

- **ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە هەگبەی ئاماری لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS)(*) بەستراوە. بۆ یاسا ئامارییەکان و شێوازی بەکارهێنانیان لە توێژینەوەکەدا.

- **دابەشبوونی سروشتی نموونەی توێژینەوەکە**

بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی خشتەی ئاماری بۆ شیکاری دابەشبوونی سروشتی نمرەکانی نموونەکە (N = 384) لەسەر پێوەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتی، کۆمەڵێک ڕێنیشاندەری ئاماری وەسفکەر بەکارهێنران، لەوانەش (ناوەندە ژمارەیی، نێوەند، زۆرترین دووبارە، لادانێکی پێوەری، ڕێژەی لاری Skewness-، ڕێژەی چەمانەوە-Kurtosis، مەودا). ئەنجامە پارامێترییەکانی داتاکان دابەشبوونی سروشتی داتاکانیان پشتڕاست کردۆتەوە، وەک لە خشتەی(4) روونکراوە.

**خشتەی (4)**
**دابەشبوونی سروشتی نموونەی توێژینەوەکە**

| ئەنجامەکان | زانیاری |
|---|---|
| ژمارەی ئەندامانی نموونەکە | (384) |
| ناوەندە ژمارەیی (Mean) | (80.54) |
| نێوەند (Median) | (81.00) |
| زۆرترین دووبارە (Mode) | (81.00) |
| لادانی پێوەری (Std. Dev) | (10.48) |
| ڕێژەی لاری (Skewness) | (0.32-) |
| ڕێژەی چەمانەوە (Kurtosis) | (0.26) |
| مەودا (Range) | (55) |

(*) **Statistical Package for Social Science (SPSS ).**

| | |
|---|---|
| ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە (Kolmogorov-Smirnov) | (P-value)= (0.122) → داتاکان دابەشبوونی سروشتی هەیە (Normal). |

➢ **خستنە ڕو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان**

○ **خستنەڕووی تایبەتمەندی و ئەنجام و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:-**

▪ **خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

مەبەست لە تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو یەکانەیە، کە لە نموونەی لێتوێژراو وەرگیراوە. ئەو تایبەتمەندییانە یارمەتیدەرن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە کێ توێژینەوەی لەسەر کراوە، هەڵسەنگاندنی ئەوە دەکەن کە نموونەکە تا چەند بە باشی نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات، یاخود ئایا دەتوانرێت ئەنجامەکان گشتگیر بکرێن یان نا. هەروەها ئەم وردەکاریانە پشتگیری لە دووبارەکردنەوەی توێژینەوە لەلایەن توێژەرانی دیکەوە دەکەن. لە خوارەوە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو، وەک لە خشتەی (5)دا نیشان دراوە.

**خشتەی (5)**
**تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| ژ | تایبەتمەندییەکان | هەڵبژاردە | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1. | ڕەگەز | نێر | 200 | %52.1 |
| | | مێ | 184 | %47.9 |
| 2. | تەمەن | (16-25) | 76 | %19.8 |
| | | (26-35) | 90 | %23.4 |
| | | (36-45) | 122 | %31.8 |
| | | (46-55) | 64 | %16.7 |
| | | (56-65) | 32 | %8.3 |
| 3. | ئاستی خوێندن | نەخوێندەواری | 23 | %6.0 |
| | | دەخوێنێت و دەنوسێت | 16 | %4.2 |
| | | سەرەتایی | 31 | %8.1 |
| | | ناوەندە | 46 | %12.0 |
| | | ئامادەیی | 58 | %15.1 |
| | | دبلۆم | 79 | %20.6 |
| | | بەکالۆریۆس | 113 | %29.4 |
| | | خوێندنی باڵا | 18 | %4.7 |
| 4. | پیشە | سەربەخۆ | 94 | %24.5 |
| | | فەرمی | 155 | %40.4 |
| | | نافەرمی | 18 | %4.7 |
| | | بێ کار | 117 | %30.5 |
| 5. | ئاستی بژێوی | زۆر باش | 79 | %20.6 |
| | | باش | 255 | %66.4 |
| | | ناوەند | 45 | %11.7 |
| | | خراپ | 5 | %1.3 |
| 6. | باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 99 | %25.8 |
| | | خێزاندار | 273 | %71.1 |
| | | جیابۆوە | 6 | %1.6 |
| | | تاك مردوو | 6 | %1.6 |

- **جۆریی کۆمەڵایەتی (ڕەگەز)**

نموونەی توێژینەوەکە لە (384) کەس پێکهاتبوو. ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نموونەکە لە (52.1%) نێر و (47.9%) مێ پێکهاتووە، ئەوەش هاوسەنگییەکی ڕێژەیی لە نوێنەرایەتیکردنی بۆچوونەکانی هەردوو ڕەگەزەکەدا دابین دەکات. ئەو هاوسەنگییە

متمانەی ئەنجامەکان سەبارەت بە تێگەیشتن لە ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی لە ڕوانگەی جۆریی کۆمەڵایەتی بەرز دەکاتەوە، بڕوانە خشتەی (5).

- **گرووپی تەمەن (تەمەن)**

دابەشکردنەکان نیشانی دەدەن کە گرووپی تەمەن (36-45 ساڵ) گەورەترین ڕێژەی نموونەکەیە بەڕێژەی (31.8%)، دواتر گرووپی (26-35 ساڵ) بەڕێژەی (23.4%)، پاشان گرووپی گەنجان (16-25 ساڵ) بەڕێژەی (19.8%). گرووپی (46-55 ساڵ) بەڕێژەی (16.7%)، لە کاتێکدا گرووپ (56-65 ساڵ) کەمترین ڕێژەیە بەڕێژەی (8.3%). ئەو ئەنجامانە ڕەنگدانەوەی باڵادەستی بەشی چالاک لە ڕووی ئابوورییەوە، کە کاریگەریی ئەو نموونەیە لە توێژینەوە لە شێوازەکانی بەکاربردن بەرز دەکەنەوە، بڕوانە خشتەی (5).

- **ئاستی خوێندەواری**

داتاکان دەریانخستووە کە زۆرترین ڕێژەی ئەندامانی نموونەکە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەڕێژەی (29.4%) بوون، دواتر بڕوانامەی دبلۆم بەڕێژەی (20.6%)، ئامادەیی بەڕێژەی (15.1%)، و ناوەندە بەڕێژەی (12.0%). ئەوانەی خوێندەوار نەبوون تەنها (6.0%)ی نموونەکەیان پێکهێناوە. ئەو دابەشکردنە ئاماژەیە بۆ ئاستێکی خوێندەواری تارادەیەک بەرز، ڕەنگە لە هۆشیاری بەکاربەران و کارلێککردن لەگەڵ هێماکانی بەکاربەریدا ڕەنگ بداتەوە، بڕوانە خشتەی (5).

- **دۆخی پیشەیی (پیشە)**

فەرمانبەرانی فەرمی بە ڕێژەی (40.4%) پلەی یەکەمیان گرتووە، دوای ئەویش بێکاران بە ڕێژەی (30.5%)، پاشان خاوەن پیشە سەربەخۆکان بە ڕێژەی (24.5%). پۆلی دامەزراو بە شێوەی نافەرمی کەمترین ڕێژەیان پێکهێناوە کە دەکاتە (4.7%). ئەو دابەشبوونە ڕەنگدانەوەی جیاوازی سەقامگیری ئابوورییە لە نێوان تاکەکاندا، ئەوەش هۆکارێکە کە کاریگەری لەسەر شێوازەکانی بەکاربردن هەیە، بڕوانە خشتەی (5).

- **ئاستی بژێوی**

زیاتر لە دوو لەسەر سێی نموونەکە بە بەهای (66.4%) ئاماژەیان بەوە کردووە کە بارودۆخی ژیانیان باشە، لەکاتێکدا (20.6%) بە زۆر باش وەسفیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا (11.7%) بە ناوەند وەسفیان کردووە و تەنها (1.3%) بە خراپ وەسفیان کردووە. ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆرینەیان سەر بە چینی ئابووری ناوەڕاست یان سەرووترن، ئەوەش لەگەڵ شێوازە ڕواڵەتییەکانی بەکاربردن یەکدەگرێتەوە، بڕوانە خشتەی (5).

- **باری کۆمەڵایەتی**

وا دیارە زۆرینەی نموونەکە هاوسەرگیریان کردووە (71.1%)، دواتر ئەوانەی سەڵتن ڕێژەی (25.8%)ی نموونەکەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، لەکاتێکدا ڕێژەی تاکە جیابووەکان و تاك مردووەکان یەکسان بوون بەڕێژەی (1.6%). ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەرپرسیارێتی خێزانی هەڵدەگرن کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر بڕیارە دارایی و بەکاربردنەکانیان هەبێت، بڕوانە خشتەی (5).

بەگشتی، تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە هەمەچەشنییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیمۆگرافی باش کە شیکاری ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی لە چوارچێوەیەکی فرەڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئاشکرا دەکەن.

- **خستنەڕووی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

لێرەدا ئەنجامەکان بە پشتبەستن بەو ئامانجانەی کە لە توێژینەوەکەدا دیاریکراون دەخرێنەڕوو. داتاکان بە بەکارهێنانی شێوازی ئاماری گونجاو شیکرانەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەنجامی ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی بەکاربردنی ڕواڵەتی لەلایەن یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئاستی بەکاربردنی ڕواڵەتی لەسەر بنەمای ئابوورییەکان، هەروەها خستنەڕووی ئاماژە جیاوازییەکان و دیاریکردنی هەڵوێستی بەشداربووان بە وردی، تاقیکردنەوەی (T) بۆ ناوەندە ژمارەیی یەک نموونە (One-Sample T-test) بەکارهێنرا بۆ بەراوردکردنی ناوەندە ژمارەیی تاکەکانی نموونە لەگەڵ ناوەندە گریمانەیی (3.00) لەسەر پێوەری چوارینەی لیکەرت. لە (ڕەهەندی ئابووری و بەکاربردنی ڕواڵەتی) کە نوێنەرایەتی گۆڕاوە سەربەخۆکانی توێژینەوەکە دەکەن. ئەو شیکارییە ئامانجی پێوانەکردنی ئەوەیە کە ئایا وەڵامەکانی بەشداربووان لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەو ئاستەیە کە ئەو گۆڕاوانە کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ڕەفتاری بەکاربەری هەیە، بڕوانە خشتەی (6).

لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) ئاماژەداری ئاماری مەعنەوی بە ئاستی (Sig.= 0.000) لە سەرانسەری هەردوو گۆڕاوەکەدا دەرکەوتووە، کە ئاماژەیە بۆ جیاوازی مەعنەوی ڕوون لە نێوان ناوەندە ژمارەیی نمرەکانی نموونەکە و ناوەندە گریمانەیی. ناوەندە ژمارەیی بۆ ڕەهەندی ئابووری، ئەنجامەکان بە ناوەندە ژمارەیی (3.5441)، لادانی پێوەری (0.51140)، و بەهای (T) (18.721) دەریانخستووە، هەروەها ئاماژەدارە لە ئاستی (0.000)دا. ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە داهات و توانای کڕین ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ڕێنماییکردنی ڕەفتاری بەکاربردن، بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنی کاڵای ڕواڵەتی و خۆشگوزەرانی.

سەبارەت بە ڕەهەندی بەکاربردنی ڕواڵەتی، ناوەندە ژمارەیی (3.6292) بووە، بە لادانی پێوەری (0.48313)، و بەهای (T) (22.956) بووە، کە هەروەها ئاماژەدارە لە ئاستی (0.000)دا. ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئارەزووی بەشداربووان بۆ بەکاربردن وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی پێگەی کۆمەڵایەتی.

بەم شێوەیە، جیاوازی ئاماژە ئامارییەکان لە نێوان ناوەندە ژمارەییەکانی نمرەکانی ئەندامانی نموونە و ناوەندە گریمانەیی (3.00) لە دوو گۆڕاوەکەدا پشتڕاستکراونەتەوە، کە ڕەنگدانەوەی ئاستی بەرزی کاریگەری هۆکارە ئابوورییەکانە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەری. ئەو ئەنجامانە پشتگیری لەو گریمانەیە دەکەن کە بەکاربردنی ڕواڵەتی بە شێوەیەکی مەعنەوی بەهۆی ڕەهەندی ئابوورییەوە لە قاڵب دەدرێت، ئەوەش بەو مانایە دێت کە گۆڕاوە سەرکییەکان بە شێوەیەکی هاوبەش پەیوەستن بەیەکەوە بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە ڕەفتاری بەکاربردن، وەک ئەوەی لە خشتەی (6)دا خراوەتەڕوو.

ئەو ئەنجامانەش لەگەڵ توێژینەوەکانی (داود، 2022) و (إبراهيم و حسين و العشري، 2024) و (ویڵسکا، 2002) یەکدەگرنەوە، کە ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن ناسنامەی خێزان و ئاماژەدان بە پێگە کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنی بەکاربردن هەیە، کە تاکەکانی چینە کۆمەڵایەتییە باڵاکان بەشداری لە ئەزموونکردنەکانی بەکاربردنی هاوبەشدا دەکەن کە ڕەنگدانەوەی پێگەی بەرزی خۆیانە. بەتایبەتی توێژینەوەکەی (ویڵسکا، 2002)، کە جەخت لە کاریگەری هۆکارە ئابوورییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی دەکاتەوە.

لەلایەکیترەوە لەگەڵ توێژینەوەکەی (عنية، 2014) یەکانگیر دەبێت، کە ئاماژەوە بەوەدەکەن بەکاربردنی ڕواڵەتی وەک ئامرازێک بۆ شانازیکردن و خۆنمایشکردن بەکاردێت، کە چینە باڵاکان کێبڕکێ بۆ نماشی کۆمەڵایەتی دەکەن. تەنانەت گروپە کەم داهاتەکانیش لە ڕێگەی بەکاربردنی ڕواڵەتییەوە بەشداری لەم ڕەفتارە دەکەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئارەزوویەکی کولتوورییە بۆ یەکەمایەتیدان بە نمایشکردنی سامان و پێگە.

هەروەها چوارچێوە تیۆرییەکان کە توێژینەوەکە پەسەندی کردووە پشتگیری لە ئەنجامە ئامارییە بەدەست هاتووەکان، کە گریمانە دەکات بەکاربردنی ڕواڵەتی لەسەر بنەمای کارلێکی هۆکارە ئابوورییەکان بۆ ڕەفتاری بەکاربەری. توێژینەوەکە دەریخستووە کە ئەو تاکانەی کە توانای کڕینی زیاتریان هەیە، ئارەزووی زیاتریان بۆ شێوازی بەکاربردنی ڕواڵەتی هەیە، ئەوەش هاوتەرییە لەگەڵ چەمکی (بۆردیۆ) بۆ سەرمایەی ئابووری تاکەکان دەتوانن بچنە ناو فەزای کێبڕکێی هێماییەوە لە بازاڕی بەکاربەریدا. ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئابووری تەنها ئەگەرەکانی کڕین دیاری ناکات، بەڵکو ئامرازێکیشە بۆ جیاکاری کۆمەڵایەتی.

بۆیە ناتوانرێت ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی بۆ تەنها تێرکردنی پێویستییەک لێکبدرێتەوە. بەڵکو ڕەفتارێکە بارگاوییە بە مانا و واتا چینایەتی و کولتوورییەکان، کە تیایدا تاک کارلێک لەگەڵ سیستەمی ڕواڵەتی کۆمەڵگە دەکات و بەکاربردن وەک بنەمایەك بۆ دەربڕینی ناسنامە و پێگە و هاوسۆزی بەکاردەهێنێت.

بەم شێوەیە، دۆزراوە تیۆریەکانی توێژینەوەکە پشتڕاستی دەکەنەوە کە بەکاربردنی هاوچەرخ، بە تایبەتی لە شێوە ڕواڵەتییەکانیدا، ئەزموونکردنێکی هێمادار پێکدەهێنێت کە ڕەگ و ڕیشەی لە پێکهاتە ئابوورییەکاندا هەیە، کە لەگەڵ شیکارییە پێکهاتەیی-هێمایەکانی تیۆری کۆمەڵایەتی مۆدێرن هاوتەرییە.

**خشتەی (6)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ دوو پێوەرەکە ڕووندەکاتەوە**

| پێوەرەکان | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە گریمانەیی | قەبارەی N (نموونە) | نمرەی df (ئازادی) | بەهایT | ئاستی ئاماژەداری | ئاماژەداری ئاماری 0.01 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندە ئابوورییەکان | 3.5441 | 0.51140 | 3.00 | 384 | 383 | 18.721 | 0.000 | ئاماژەدارە |
| بەکاربردنی ڕواڵەتی | 3.6292 | 0.48313 | | | | 22.956 | 0.000 | ئاماژەدارە |

ئەنجامی ئامانجی دووەم: زانینی پەیوەندی نێوان ڕەهەندە ئابوورییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتی لەلای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

ئەنجامەکانی خشتەی (7) پەیوەندییەکی باشی ڕاستەوانە (علاقة طردیة)[*] کە لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە (دالة إحصائیا) لە نێوان ڕەهەندە ئابوورییەکان و ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی دەخەنەڕوو، بە بەهای ڕێژەی پەیوەندی پیرسۆن (r = 0.708)، بە ئاستی ئاماژەداری (p = 0.000) و نمرەی ئازادی (df = 381)، بۆ نموونەیەک لە (N = 384) پێکهاتووە. ئەوەش ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی بەهێز و ڕاستەوانەی باش لە نێوان توانای ئابووری و ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی.

ئەو کەسانەی کە داهاتیان زیاترە یان توانای کڕینیان زیاترە، ئارەزوویان هەیە بەشداری لە بەکاربردنی ڕواڵەتیدا بکەن، کە ڕەنگدانەوەی پێگەی ماددی خۆیانە، لە ڕێگەی بەدەستهێنانی کاڵای هێمای خۆشگوزەرانییەوە.

توێژینەوەکانی و (بخاری و الجنهي، 2021) و (داود، 2022) پشتگیری لەو ئەنجامە دەکەن. لە ئەنجامەکانیان دەرکەوتووە ڕەهەندە ئابوورییەکان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بەکاربردنی ڕواڵەتی هەیە، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە پێگەی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە توانای خەرجکردن بۆ کاڵای نایاب و گرانبەها. ئەو خێزانانەی کە داهاتیان زیاترە، کاڵای نایاب و گرانبەها بەکاردەبەن، بۆ نیشاندانی جیاوازی کۆمەڵایەتی.

هەروەها ئەو تیۆرانەی خوارەوە پشتگیری لەو ئەنجامە دەکەن وەك:

• تیۆری (بۆردیۆ) (1984) سەرمایە ئابووری و کولتوورییەکان بەکاردەهێنرێن بۆ جێبەجێکردنی چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان و گونجاندنی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری. ئەم تیۆرییە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن بەبازاڕکردن کاریگەری لەسەر سەلیقە و هەڵبژاردنی بەکاربەر هەیە و چۆن هۆکارە ئابوورییەکان شێوازەکانی بەکاربردن لە قاڵب دەدەن.

• تیۆری (بێکەر) (1996) لەبارەی هەڵبژاردنی عەقڵانی، پێیوایە خێزانەکان بەهۆی هۆکارە ئابوورییەکانەوە پاڵنەریان بۆ دروست دەبێت، وەک ئاستی داهات کە بڕیارەکانی بەکاربردنیان لە قاڵب دەدەن.

---

[*] پەیوەندی ڕاستەوانە (الطردیة) ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە پەیوەندی ئاماری کە بەهاکانی دوو گۆڕاو بە هەمان ئاراستەدا دەڕۆن. ئەمەش بەو مانایەیە کە لەگەڵ زیادبوونی بەهای گۆڕاوێک، بەهای گۆڕاوەکەیتر زیاد دەکات وە بە پێچەوانەوە. پەیوەندی ڕاستەوانە ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان دوو گۆڕاودا، بەجۆرێک کە دەتوانرێت پێشبینی زیادبوونی گۆڕاوێک بکرێت بە پشتبەستن بە زیادبوونی گۆڕاوەکەی تر. بەزۆری بە ڕێژەی پەیوەندی ئەرێنی دەربڕدراوە وەک (r = 0.582)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکە بە یەک ئاراستە دەجووڵێت.

ئەنجامەکان وابەستەیی ڕەهەندە ئابوورییەکان لە چوارچێوەی تیۆری بەکاربردنی ڕواڵەتیدا نیشان دەدەن، کە بەکاربردن نەک تەنها وەک کردەیەکی ماددی، بەڵکو وەک ئەزموونکردنێکی کۆمەڵایەتیش سەیر دەکرێت.

**خشتەی (7)**
**پەیوەندی نێوان ڕەهەندە ئابوورییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتی ڕووندەکاتەوە**

| گۆڕاوەکان | جۆری پەیوەندی | قەبارەی نموونە N | نمرەی ئازادی df | بەهای پەیوەندی | ئاستی ئاماژەداری (Sig.) | هێزی پەیوەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی ئابووری | پەیوەندی ڕاستەوانە (طردي) | 384 | 381 | 0.708** | 0.000 | بەهێز |
| بەکاربردنی ڕواڵەتی | - | - | - | 1.000 | پەیوەندی لەگەڵ گۆڕاوی وابەستە | |

ئەنجامی ئامانجی سێیەم: پێوانکردنی سروشتی پەیوەندییە ناوخۆییەکان لەنێوان گۆڕاوە لاوەکییەکانی ڕەهەندە ئابوورییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتی لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە.

ئەنجامەکانی خشتەی (8) بۆ شیکردنەوەی ڕێژەی پەیوەندی پیرسۆن (Pearson) ئاماژە بە پەیوەندییەکی باش و ڕاستەوانەی ئاماژەدار لەڕووی ئامارییەوە بە ئاستی ئاماژەداری ($Sig. < 0.01$) دەکەن، لە نێوان گۆڕاوە لاوەکییەکانی ڕەهەندە ئابوورییەکان، لە لایەک، و ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی، لە لایەکی دیکەوە. لە چوارچێوەی قەبارەی نموونەیەك کە پێکهاتووە لە ($N = 384$)، بە نمرەی ئازادی ($df = 381$). ئەو ئەنجامانە تیشک دەخەنە سەر ئەو ڕۆڵەی کە گۆڕاوە پێکهاتەییەکان لە داڕشتنی ئەو شێوازەی ڕەفتارییەی بەکاربەردا دەیگێڕن. ڕیزبەندییە بەهێزەکانی پەیوەندییەکان ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە هەڵبژاردنە بەکاربەرییە ڕواڵەتییەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەری بنەما ئابوورییەکان.

لەناو ڕەهەندە ئابوورییەکاندا، گۆڕاوی (جۆری پیشە) بەرزترین پەیوەندی ڕاستەوانەی لەگەڵ ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی تۆمارکرد بە بەهای ($r = 0.615$)، کە بەرزترین ڕێژەی پەیوەندییە لە خشتەکەدا، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پیشە نیشاندەرێکی ناوەندییە لە داڕشتنی ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتیدا. دواتر (داهاتی خێزان) بە بەهای ($r = 0.556$) هات، کە ڕەنگدانەوەی توانای داهاتی مانگانەیە بۆ ئەوەی خێزانەکان بتوانن کاڵای نایاب بکڕن. هەروەها گۆڕاوی (جۆرایەتی کاڵا) پەیوەندییەکی بەهێزی بە بڕی ($r = 0.530$) تۆمارکردووە، کە گرنگی جۆرایەتی بەرهەم لە پاڵپشتیکردنی شێوازەی بەکاربردندا نیشان دەدات. لە هەمان کاتدا، گۆڕاوی (بەبازاڕکردن) پەیوەندییەکی باش و ڕاستەوانەی بە بەهای ($r = 0.486$) خستوتەڕوو، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی تا چەند خێزانەکان لە ژێر کاریگەری هەڵمەتەکانی ڕیکلام و هێما بازرگانییەکاندان.

ئەو ئەنجامانەش لەلایەن توێژینەوەکانی (عنیة، 2014) و (ویلْسکا، 2002) پاڵپشتی دەکرێن، کە ئاماژە بە کاریگەری جۆری پیشە لە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزانەکاندا دەکەن. (عنیة، 2014) ئاماژە بەوە دەکات کە جیاوازی و ناچۆنیەکی لەنێوانی چینە کۆمەڵایەتییە پیشەییەکان لەڕووی مانا و تێڕوانینینەکان بۆ کاڵا بەکاربەرییەکان هەیە. هەروەها توێژینەوەکانی (داود، 2022) و (إبراهیم و حسین و العشري، 2024) و (ویلْسکا، 2002) و (بخاری و الجنهي، 2021) جەخت لەوە دەکەنەوە، ئاستی داهاتی خێزان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بەکاربردنی ڕواڵەتی هەیە، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە پێگەی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە توانای خەرجکردن بۆ کاڵای نایاب و گرانبەها. ئاماژە بەوە دەکەن ئەو خێزانانەی کە داهاتیان زیاترە، کاڵای نایاب و گرانبەها بەکاردەبەن، بۆ نیشاندانی جیاوازی کۆمەڵایەتی.

هەروەها توێژینەوەکانی (إبراهیم و حسین و العشري، 2024) و (بخاری و الجنهي، 2021) و (محمد، 2017) پشتگیری ئەو ئەنجامە دەکەن. ئاماژە بەوە دەکەن بەبازاڕکردنی بەرهەم گرنگن لە داڕشتنی ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی. باس لەوە دەکەن، کە چۆن

ڕیکلام و ناوی براند دەبنە هێمای پێگەی خێزانەکان، زۆر جاریش کێبڕکێ دەکەن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەران، خێزانەکان بە توندی کاریگەری ڕەوتی بەبازارکردنیان لەسەرە. لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکانی (بخاری و الجنهي، 2021) و (ئارێیزا-پادیلا و مانزی پوێرتاس 2021) و (مەمکو و کیمزان، 2015) (عائشە و ئەوانیتر، 2017) پشتگیری ئەو ئەنجامە دەکەن، تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن جۆرایەتی کاڵا و کاڵای خاوەن براند بەکاربردنی ڕواڵەتی بەرەو پێشەوە دەبەن، بەجەختکردنەوە لەوەی کە بەرزبوونەوەی نرخەکان ئاماژەیە بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری جۆرایەتی باشتر. بۆیە دیزاینە سەرنجڕاکێشەکانی بەرهەم ئاستی هەستیاری نرخ کەم دەکەنەوە.

ئەو ئەنجامانە لەگەڵ تیۆری (سەرمایەی کولتووری و کۆمەڵایەتی)ی (بۆردیۆ)دا یەکدەگرنەوە، کە بەکاربردن وەک ئامرازێک بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی چینایەتی لە ڕێگەی لەخۆگرتنی ڕەفتارە ڕواڵەتییەکانەوە کە ڕەنگدانەوەی پێگە و جیاکارییە لەناو کایەی کۆمەڵایەتیدا ڕوون دەکاتەوە. چینی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر شێوازەکانی بەکاربردن هەیە، لەگەڵ پەسەندکردنی هەندێک جۆری کاڵا و خزمەتگوزاری. هۆکارە ئابوورییەکان (وەک داهات و پیشە) دەبنە ڕێگەیەك بۆ دەستڕاگەیشتن بە هەندێک کاڵای دیاریکراو

هەروەها تیۆر (هەڵبژاردنی عەقڵانی)ی (بێکەر) پاڵپشتی لەو ئەنجامانە دەکات، پێیوایە خێزانە داهات بەرزەکان دەتوانن زیاتر وەبەرهێنان لە پەروەردە و لێهاتووییاندا بکەن، ئەمەش کاریگەری لەسەر شێواز و ئارەزووەکانی بەکاربردن دەبێت.

ئەو بەهایانە ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی لەلایەن تاکەکانەوە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی پێکهاتە ئابوورییەکانە وەک ئامرازێک بۆ جیاکردنەوەی چینایەتی، بەهێزکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و دەربڕینی تەماح و پێگە، لە کارلێکێکی ئاڵۆزدا لە نێــوان

**خشتەی (8)**
**ڕێژەکانی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوە لاوەکییەکانی ڕەهەندە ئابوورییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتی ڕووندەکاتەوە**

| ڕەهەندەکان | گۆڕاوە بەشییەکان | ڕێژەی پەیوەندی (r) |
|---|---|---|
| ڕەهەندی ئابووری | جۆری پیشە | (0.615) |
| | داهاتی خێزان | (0.556) |
| | جۆرایەتی کاڵا | (0.530) |
| | بەبازارکردن | (0.486) |

ڕەهەندە ئابوورییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتیدا بەکاردەهێنرێت.

لێکدانەوەی تیۆری بۆ ڕەهەندە ئابوورییەکان، وا دیارە کە هۆکارە ماددییەکانی وەک (پیشە و داهات) ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە دارشتنی ڕەفتاری بەکاربەریدا. (جووری پیشە) بەرزترین پەیوەندی تۆمار کردووە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سروشتی پیشەی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی پێگە و توانای خێزانەکانە بۆ بەدەستهێنانی کاڵای نایاب. (داهاتی خێزان) و (جۆرایەتی کاڵا) پشتگیری لەم تێگەیشتنە دەکەن بە ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان هێزی کڕین و فرەچەشنی بەکاربەر، لە کاتێکدا (بەبازارکردن) کاریگەری ڕێکلام وەک هێزێکی ئابووری نیشان دەدات، کە ئارەزووی جیاکاری بەرز دەکاتەوە. واتا بەڵگەی بەهێز بۆ پشتگیریکردن لە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لە نێوان گۆڕاوە ئابوورییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتی هەیە، کە لێکدانەوەی پێکهاتەیی و ڕواڵەتی ئەو ڕەفتارە لە چوارچێوەی ڕەهەندە ئابوورییەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بەهێز دەکەن.

ئەنجامی ئامانجی چوارەم: دیاریکردنی گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کە دەبنە پاڵنەر بۆ بەکاربردنی ڕواڵەتی.
بە پشتبەستن بە ئەنجامی شیکاری ئاماری جیاوازی بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی ئاستی (بەکاربردنی ڕواڵەتی) بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، کە لە خشتەی (9)دا ڕوونکراوەتەوە:
هیچ جیاوازییەکی ئامارژەداری ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمارەیی تاکەکان لە ئاستی بەکاربردنی ڕواڵەتی بەپێی ڕەگەز (F= 2.201)، بە ئاستی ئامارژەداری (p = 0.139) یان تەمەن (F = 1.952)، بە ئاستی ئامارژەداری (p = 0.122) یان باری کۆمەڵایەتی (F = 1.443) ، (p = 0.239) نەدۆزراوەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو گۆڕاوانە هۆکارێکی ڕوون پێکناهێنن لە ڕوونکردنەوەی شێوازەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو نموونەکاندا. ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکەی (محمد، 2017) هیچ جیاوازییە بەدینەکراوە لەنێوان ڕەگەزی (نێر و مێ) لە بەکاربردنی ڕواڵەتیدا.
بە پێچەوانەوە، ئەنجامەکان جیاوازییەکی ئامارژەداری ئاماری لە ناوەندە ژمارەییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی بەپێی ئاستی خوێندن بە (F = 3.389) ، (p = 0.007) نیشاندەدەن، ئەوەش ئاماژەیە بۆ پەیوەندی لەنێوان بەرزی ئاستی خوێندەواری و زیادبوونی ئارەزووی بەکاربردنی ڕواڵەتی. ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی (ویڵسکا، 2002) (عنیة، 2014) ئاماژە بە بوونی جیاوازی دەکەن لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی خوێندەواری لە بەکاربردنی ڕواڵەتیدا.
هەروەها کاریگەری گۆڕاوی جۆری پیشە بە ڕوونی بە (F = 5.379)، لە ئاستی ئامارژەداری (p = 0.001)دا دەرکەوتووە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جۆری پیشە هۆکارێکی یەکلاکەرەوەیە لە دیاریکردنی ئاستی ئاراستەکردن بەرەو پێگەی کۆمەڵایەتی، ئەوەش ئەو گریمانەیە بەهێز دەکات کە ڕەهەندی ئابووری، لەوانەش گۆڕاوی جۆری پیشەیی، ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە داڕشتنی ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتیدا.
ئەمەش یەکانگیرە لەگەڵ توێژینەوەکەی (عنیة، 2014)، کە ئاماژە بە کاریگەری جۆری پیشە لە بەکاربردنی ڕواڵەتیدا دەکەن. بۆنموونە (عنیة، 2014) ئاماژە بەوە دەکات کە جیاوازی و ناچۆنیەکی لەنێوانی چینە کۆمەڵایەتییە پیشەییەکان لەڕووی مانا و تێڕوانینینەکان بۆ کاڵا بەکاربەرییەکان هەیە. خێزانەکان بەپێی سەرمایەی کولتووری و ئابوورییان ڕێڕەوی بەکاربردنێکی جیاواز لەشێوەی بەکاربردنی ڕواڵەتی دەگرنەبەر.
سەبارەت بە ئاستی بژێوی، بەرزترین بەهای ئامارژەداریان بە (F = 7.487)، (p = 0.000) تۆمارکردووە، ئەوەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە هەڵسەنگاندنی خێزانەکان بە باری ئابووری کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئارەزووەکانیان هەیە بەرەو بەکاربردنی ڕواڵەتی.
ئەو ئەنجامانەش لەلایەن توێژینەوەکانی (داود، 2022) و (إبراهيم و حسين و العشري، 2024) و (ویڵسکا، 2002) و (بخاری و الجنهي، 2021) پشتڕاست کراوەتەوە، کە دەرکەوتووە ئاستی داهاتی خێزان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بەکاربردنی ڕواڵەتی هەیە، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە پێگەی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە توانای خەرجکردن بۆ کاڵای نایاب و گرانبەها. بە هەمان شێوە سەرنج دەخەنە سەر ئەوەی کە داهاتی خێزان و دەسەڵاتی خەرجکردن کاریگەرییان لەسەر توانای خێزانەکان بۆ کڕینی ئەو کاڵایانە هەیە، کە پێگەی کۆمەڵایەتییان بەرز دەکەنەوە.
هەروەها گۆڕاوی جۆری نیشتەجێبوون ئەنجامێکی نزیک لە ئامارژەداری ئاماری دەخاتەڕوو بە (F = 2.557)، (p = 0.056)، کە دەکرێ بە ئاماژەیەکی سەرەتایی لەسەر پەیوەندییەکی ئەگەری لە نێوان شێوازی نیشتەجێبوون و ئارەزووی دەرخستنی پێگە لە ڕێگەی بەکاربردنەوە هەژمار بکرێت، کە شایەنی توێژینەوەی زیاترە لە توێژینەوەکانی دواتردا. هەروەها توێژینەوەکەی (عنیە، 2014) پاڵپشتی لەو ئەنجامە دەکات، بە کاریگەری شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی.
لەم ڕوانگەیەوە، گرنگترین هۆکارەکان کە بەشدارییەکی ڕوونیان هەیە لە ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتیدا بریتین لە هۆکارە ئابوورییەکان، بەتایبەتی (پیشە، ئاستی داهات و بژێوی)، هەروەها لە هۆکارە دیموگرافییەکانیش (بەرزی ئاستی

خوێندەواری) ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاراستەکردنی بەکاربردنی ڕواڵەتیدا دەگێڕێت. ئەمەش لەلایەن تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی (بێکەر) (1976)دا پشتراست دەکرێتەوە، کەپێیوایە خێزانەکان هەڵبژاردنی بەکاربردن لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی عەقڵانی دەکەن کە ئامانجیان زۆرترین سوودە. بە مەبەستی هاوسەنگکردنی هۆکارە ئابوورییەکانی وەك (داهاتی خێزان، جۆری پیشە و گرنگییەکانی بەبازاڕکردن)، بۆ باشکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانییان. بەڵام هۆکارە دیموگرافییەکانی وەک (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی) کاریگەرییەکی ڕوونیان نیشاننەداوە.

بە پشت بەستن بەو ئەنجامانەی سەرەوە، بەکاربردنی ڕواڵەتی تەنها وەک وەڵامێک بۆ پێویستییەکی ماددی نییە، بەڵکو پێویستە وەک بنەمایەکی کۆمەڵایەتیش لێی تێبگەین، کە پێگەی خێزانەکان لەناو پێکهاتەی چینایەتیدا ڕەنگدەداتەوە و بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕینی هاوسۆزی و جیاکاری لە ڕێگەی هێماکانی بەکاربەرییەوە کە هەڵگری هەردوو واتای ئابووری و کولتوورین. ئەو ئەنجامانەش پاڵپشتی دەکرێن لەلایەن تیۆرەکانی وەك:

- تیۆری سەرمایەی هێمایی (بۆردیۆ) (1984)، کە بەکاربردن وەک بنەمایەك بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی جیاوازی کۆمەڵایەتی ڕوون دەکاتەوە.
- تیۆری هەڵبژاردنی عەقڵانی (بێکەر) (1976)، کە پێیوایە خێزانەکان بڕیارەکانی بەکاربردنیان لەسەر بنەمای پرۆسەی شیکاری هاوسەنگکردنی پاداشتی عەقڵانی دەدەن وەك (بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی یان خۆشگوزەرانی) لەگەڵ تێچوونەکان وەك (داهاتی خێزان و جۆری پیشکە). بەجۆرێکیتر خێزانەکان وەبەرهێنان لە پەروەردە و کارامەیی خۆیان دەکەن بۆ زیادکردنی داهاتەکانیان، ئەمەش بەو مانایە دێت وەبەرهێنان لە پەروەردە و کارامەییدا کاریگەری لەسەر دەرئەنجامە ئابوورییەکان هەیە.

**خشتەی (9)**

**ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە کاریگەرییان لەسەر بەکاربردنی ڕواڵەتی هەیە ڕوونەکاتەوە**

| هۆکار | بەهایF | ئاستی ئاماژەداری (Sig.) | ئاماژەداری ئاماری |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | (2.201) | (0.139) | ئاماژەدار نییە |
| تەمەن | (1.952) | (0.122) | ئاماژەدار نییە |
| ئاستی خوێندەواری | (3.389) | (0.007) | ئاماژەدارە |
| پیشە | (5.379) | (0.001) | ئاماژەدارە |
| ئاستی بژێوی | (7.487) | (0.000) | ئاماژەدارە |
| باری کۆمەڵایەتی | (1.443) | (0.239) | ئاماژەدار نییە |

- **پوختەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

1- تاقیکردنەوەی (**T**) دەریخستووە بەکاربردنی ڕواڵەتی لە ئاستێکی بەرزدایە، بەهۆی کاریگەریی بەهێزی ڕەهەندە ئابوورییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی لەلایەن نموونەی توێژینەوەکە.

2- پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەهێز و گرنگ لە نێوان ڕەهەندە ئابوورییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتی دۆزرایەوە، ئەمەش نیشان دەدات کە داهاتی زیاتر و هێزی کڕین ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی کاڵای ڕواڵەتی دەکات.

3- ئەنجامەکانی شیکاری پیرسۆن (**Pearson**) ئاماژە بەوە دەکەن پەیوەندی ڕاستەوانەی بەهێز لە نێوان گۆڕاوە لاوەکییەکانی ڕەهەندە ئابوورییەکانی وەك (جۆری پیشە و داهاتی خێزان) و ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتییەوە هەیە.

4- هۆکارە دیمۆگرافییەکانی وەک (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوون) کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بەکاربردنی ڕواڵەتی نیشان نەداوە، لەکاتێکدا هەندێك گۆڕاوی دیموگرافی و ئابووری وەك (ئاستی خوێندن، جۆری پیشە و سەقامگیری ئابووری) گرنگییەکی بەهێزییان نیشانداوە.

5- ئەنجامی تاقیکردنەوەی (**ANOVA**) دەریخستووە کە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان بەشداربووواندا هەبووە بە پشتبەستن بە ئاستی داهات و هۆکارە دیموگرافییەکانی وەک ئاستی خوێندەواری. هەروەها دابەشبوونی ئاسایی داتاکان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی شاپیرۆ-ویڵک (**Shapiro-Wilk**) پشتڕاست کرایەوە، کە دەریخستووە داتاکان گونجاون بۆ شیکاری ئاماری.

لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانە، توێژینەوەکە ئاماژە بە گرنگی ڕەهەندە ئابوورییەکان دەکات لە دارشتنی ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتیدا.

- **دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

**1-** بەرزی ئاستی بەکاربردنی ڕواڵەتی بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە هۆکارە ئابوورییەکانەوە هەیە، بەهۆی کاریگەریی بەهێزی توانا کڕین، کە کاریگەرییەکی بەهێزی ڕەهەندە ئابوورییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی لەلایەن نموونەی توێژینەوەکەدا دەخەنەڕوو.

**2-** پەیوەندی بەهێزی نێوان داهات و بەکاربردنی ڕواڵەتی ڕەنگدانەوەی ئەوەیە، کە خێزانە داهات بەرزەکان زیاتر بەکاربردن وەك ئامرازێك بۆ نیشاندانی پێگەی کۆمەڵایەتی و جیاوازییە کولتوورییەکان بەکاردەهێنن، ئەمەش نیشان دەدات کە داهاتی زیاتر و هێزی کڕین ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی کاڵای ڕواڵەتی دەکات. ئەمانەش پشتڕاستی دەکەنەوە کە بەکاربردنی ڕواڵەتی بەهۆی ڕەهەندە ئابوورییەکان ئاراستە دەدرێت. بە زیادبوونی کاریگەریی هۆکارە ئابوورییەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی بەکاربردنی ڕواڵەتی.

**3-** جۆری پیشە و داهاتی خێزان لە گرنگترین ڕەهەندە ئابوورییەکانن، کە توانای پێشبینیکردنی بەکاربردنییان هەیە، تیشك دەخەنە سەر ڕۆڵی توانای دارایی لە دارشتنی بەکاربردنی ڕواڵەتیدا. ئەمانەش پشتڕاستی دەکەنەوە کە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەلایەن هێزی ڕەهەندە ئابوورییەکانەوە دەجووڵێت.

**4-** دەرکەوتووە هۆکارە دیمۆگرافییەکانی وەک (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوون) کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بەکاربردنی ڕواڵەتی نییە، بەڵام گۆڕاوە دیموگرافی و ئابوورییەکانی وەك (ئاستی خوێندن، جۆری پیشە و سەقامگیری ئابووری) گرنگییەکی بەهێزییان نیشانداوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو گۆڕاوانە پاڵنەرێکی بەهێزی ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتین. بەکاربردنی ڕواڵەتی بەڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە ئاستی بەرزی خوێندن و پیشە باڵاکان، چونکە تاکەکان هەوڵدەدەن ناسنامە و پێگەی کۆمەڵایەتی دەرببڕن. هەروەها ئاستی داهات و تێڕوانین بۆ بژێوی ژیانیش ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، کە ڕەنگدانەوەی توانای ئابوورییە.

- **خستنەڕووی پێشنیارەکان و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:-**
  - **پێشنیارەکانی توێژینەوەکە**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، پێشنیاری ئەمانەی خوارەوە بۆ بڕیاردەرانی هەرێمی کوردستانی عێراق و کۆماری عێراقی فیدراڵی دەکەین:

**أ-** ڕێکخستنی بەکاربردنی ڕواڵەتی: بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکان: وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی بازرگانی. پێویستە سیاسەت و بەرنامە دابڕێژرێت بۆ ڕێکخستنی بەکاربردنی ڕواڵەتی و کەمکردنەوەی بەکاربردنی زیادە، لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەی تاکەکان سەبارەت بە گرنگی بڕیاردانی بەکاربردن. پێویستە هەڵمەتی هۆشیاری پەروەردەیی و ڕاگەیاندنی لە ڕێگەی دەزگای ڕاگەیاندنی جۆراوجۆرەوە پەرەی پێبدرێت.

**ب-** کەمکردنەوەی بەهەدەردانی گشتی: بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکان: وەزارەتی دارایی، ژووری بازرگانی عێراق. ئەو سیاسەتانەی بەکاربەری کە بەفیڕۆدانی ماددی کەم دەکەنەوە پێویستە هان بدرێت، بە پاڵنانی خێزانەکان بۆ بەکاربردنی ئەو بەرهەمانەی کە

پێداویستییە ڕاستەقینەکانیان دابین دەکەن و خۆیان لە بەکاربردنی کاڵا و خزمەتگوزارییە ڕواڵەتییەکان بەدوور بگرن، کە بەهای ڕاستەقینە پێشکەش ناکەن.

ت- ڕێکخستنی جۆرایەتی بەکاربردن: بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکان: وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ژووری بازرگانی. پەرەپێدانی بنەماکانی ڕێنماییکردن بۆ باشترکردنی جۆرایەتی بەکاربردن لە ڕێگەی هۆشیاری سەبارەت بە کاریگەرییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی لەسەر تاک و خێزانەکان، هەروەها بە هەنگاونان بەرەو بەکاربردنی بەرپرسیارانە لەسەر بنەمای پێداویستییە ڕاستەقینەکان نەک خۆنمایشکردنی کۆمەڵایەتی.

ئەم پێشنیارانە یارمەتیدەرن بۆ بەدەستهێنانی ژینگەیەك، کە بەکاربردن تیایدا بەردەوامتر بێت و کارایی بەکارهێنانی سەرچاوەکان لە کۆمەڵگەدا باشتر بکات، ئەمەش بەشدارە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری.

- **ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە**

1. توێژینەوە لە کاریگەریی ئاراستە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییەکان لەسەر بەکاربردنی کاڵای ڕواڵەتی.

2. توێژینەوە لە کاریگەرییەکانی دەزگا ڕاگەیاندنەکان و کولتووری کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی کەسی لە ڕێنماییکردنی ئاراستە بەکاربەرییە ڕواڵەتییەکان.

3. توێژینەوە لە کاریگەریی ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەکاربردنی ڕواڵەتی لە کۆمەڵگە شارییەکان بەرامبەر بە کۆمەڵگە گوندنشینەکان

**References**


***Kurdish Researches (Translated to English):***

1. *Mohammed, J. H. (2017). Sociological approaches to the culture of consumption: A case study on Sulaymaniyah city teachers. [Master's thesis, Department of Sociology, College of Humanities, University of Sulaimani].*

2. *Jalal, G. J., & Birdwood, Z. A. (2024). The role of improper parenting styles in children's emotional deprivation: A theoretical exploratory study. Journal of Humanities Sciences - University Journal, 28(Special Issue B), 383–396. https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.18*

***Arabic Books (Translated to English):***

3. *Hamdawi, J. (2005). Principles of Economic Sociology. Retrieved from https://www.alukah.net/books/files/book_7176/bookfile/elem.pdf*
4. *Rosenblatt, R. (2011). The Culture of Consumption: Consumption, Civilization, and the Pursuit of Happiness (L. Abdulrazaq, Trans.). Cairo, Egypt: National Centre for Translation.*
5. *Abdullah, A. A. A. (2019). The Economic Dimensions of Money Circulation: A Foundational and Applied Study from the Perspective of Islamic Economics. Dar Al-Nafaes for Publishing and Distribution: Amman, Jordan.*
6. *Marshall, J. (Ed.). (2000). Encyclopaedia of Sociology (Vol. 2). Cairo: Supreme Council for Culture – National Translation Project.*
7. *Mustafa, I., & Al-Zayat, A. H. (Eds.). (2001). Arabic Language Dictionary: Al-Muʿjam Al-Waist. Beirut, Lebanon: Dar Ihya Al-Turath Al-Arabi.*

***Arabic Researches (Translated to English):***

9. *Ibrahim, N. M., Hussein, M. A. A., & Al-Ashry, M. M. (2024). The culture of consumption: A socio-economic perspective. Scientific Journal of the Faculty of Arts, 13(2), 131–225. https://doi.org/10.21608/artdau.2024.207729.1167*

10. *Al-Badri, R. A. A. J. (2021). The family's role in children's marital choice: A field study in Diwaniyah city. Lark Journal, 13(2), 733–762. https://doi.org/10.31185/lark.Vol2.Iss41.1814*

11. *Bukhari, A. A. A., & Al-Janahi, S. H. (2021). Conspicuous consumption of luxury goods in Saudi Arabia: An applied study in Jeddah city. Journal of Economic, Administrative & Legal Sciences, 5(4). https://doi.org/10.26389/AJSRP.B250720*
12. *Hamza, J., & Amal, L. (2023). A field study on families in Ras Al-Wadi, Algeria: Socioeconomic factors and their influence on family consumption patterns. Research and Development Studies Journal, 10(1), 135–146.*
13. *Khalidiya, B., & Al-Alja, M. (2022). Estimating the consumption function for Algerian families during 1980–2020. Strategy & Development Review, 12(1), 255–271.*
14. *Dawood, F. M. (2022). Conspicuous consumption and its relation to social status: A field study in Mosul city. Sirman Ra'i Journal, 8(29), 161–176.*
15. *Shoman, I. J. (2015). Changes in consumption patterns and their relation to social status: An applied study on Saudi families. Scientific Journal of the Faculty of Arts, 28, 179–250. https://doi.org/10.21608/jartf.2014.122204*
16. *Al-Aal, A. M. M. A. (2022). Factors influencing conspicuous consumption among Saudi women. Journal of Studies in Social Work, 1(57), 125–162. https://doi.org/10.21608/dss.2022.114047.1092*
17. *Aisha, A., Khadija, A., & Zahia, H. (2017). Brand value and its impact on Algerian consumer behaviour: A case study of Mobilise. 4(1), 57–87.*
18. *Ania, H. K. (2014). Algerian museums between consumption culture and visitor fluctuation. Journal of Social and Human Sciences, 9(16), 191–217.*
19. *Khushnaw, J. I. B. (2021). Role conflict and its relationship with quality of life among working women: A field study. Lark Journal for Philosophy, Linguistics and Social Sciences, 43(4), 353–376.*

***English Books:***

20. *Becker, G. S. (1964). Human capital: A theoretical and empirical analysis, with special reference to education: University of Chicago press.*
21. *Becker, G. S. (1976). The Economic Approach to Human Behavior: The University of Chicago Press.*
22. *Becker, G. S. (1981). A Treatise on the Family: Enlarged Edition: Harvard University Press.*
23. *Becker, G. S. (1996). Accounting for Tastes. Cambridge, MA and London, England: Harvard University Press.*
24. *Bourdieu, P. (1984). Distinction: A Social Critique of the Judgement of Taste: Harvard University Press.*

***English Researches:***

25. *Areiza-Padilla, J. A., & Manzi Puertas, M. A. (2021). Conspicuous Consumption in Emerging Markets: The Case of Starbucks in Colombia as a Global and Sustainable Brand. Frontiers in Psychology, V.12, pp.1-16. doi:10.3389/fpsyg.2021.662950.*
26. *Kemper, E. A., Stringfield, S., & Teddlie, C. (2003). Mixed methods sampling strategies in social science research. Handbook of mixed methods in social and behavioral research, 12(2), 273-296.*
27. *Krejcie, R. V., & Morgan, D. W. (1970). Determining Sample Size for Research Activities. Educational and Psychological Measurement, 30(3), 607-610. doi:10.1177/001316447003000308.*
28. *Mumcu, Y., & Kimzan, H. S. (2015). The effect of visual product aesthetics on consumers' price sensitivity. Procedia Economics and Finance, V.26, PP.528-534. doi:DOI:10.1016/S2212-5671(15)00883-7.*
29. *Richins, M. L. (2004). The Material Values Scale: Measurement Properties and Development of a Short Form. Journal of consumer research, 31(1), 209-219. doi:10.1086/383436.*
30. *Wilska, T.-A. (2002). Me–A Consumer? Consumption, Identities and Lifestyles in Today's Finland. Acta Sociologica, 45(3), 195-210. doi:10.1177/000169930204500302.*